دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٣٧، سێشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، ٦ی نوامبری ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی هاتنی جێژنی خاوەنکارەوە**

بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار جێژنی پەیڕەوانی ئائینی یارسان بەگەرمی پیرۆزبایی لە پەیڕەوانی ئائینی یاری لەهەر شوێنێک کە هەن و هاونیشتمانانی یارسان بە تایبەتی دەکەم.

هیوادارم جێژنی ئەمساڵی خاوەنکار لە ڕۆژانی پڕ لە شادی و خۆشیدا تێپەڕ بێ و ببێتە سەرەتای دابینبوونی ئەمن و ئارامی و بەختەوەری هەموو هاونیشتمانیان.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارە

مستەفا هیجری

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی

٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی



جوڵانەوەی ڕزگاریخواز کولتووری دێموکراتیک دەخوازێ

٤




ڕیفۆرمخوازی لە ئێران تاکتیک یان ستراتیژی

٥



داتەپینی نرخی تمەن و لێکەوتەکانی

٦



وتووێژی کوردستان لەگەڵ خالید دەرویژە

١٠

# بەرجەوەنێکی لێڵ بۆ ئێران





شەش مانگ پاش بڕیاری دانڵد ترامپ لەمەڕ کشانەوە لە بەرجام، خولی دووهەمی تەحریمەکان کە بە "سەختترین" تەحریمەکان ناویان دەرکردووە دەستیان پێکردەوە و بەرجەوەنی ئێران ئاڵۆزتر لە پێشوو دەردەکەوێت.

خولی دووهەمی تەحریمەکانی ئامریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی کە لە نیوەشەوی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر بە کاتی واشینگتۆن چوونە بواری جێبەجێکردنەوە بریتین لە سەنعەتی نەوت، کەشتیڕانی، خزمەتگوزارییەکانی بیمە، کەرتی وزە و ئاڵوێری بانکی.

دانڵد ترامپ لەمبارەوە ڕایگەیاندووە: ئەم تەحریمانە کە بە تەحریمی دووهەمیش ناوزەد کراون زۆر سەختن؛ ئەمانە توندترین تەحریمگەلێکن کە تاکوو ئێستا ئیجرامان کردووە و دەبینین کە چی ڕوو دەدات؛ دۆخی ڕێژیمی تاران باش نییە."

هاوکات مایک پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە وتووێژێکدا لەگەڵ "فاکس‌نیوز" ڕایگەیاند: ئێمە لە هەوڵداین تاکوو وێڕای پشتیوانی لە خەڵکی ئێران کە شیاوی ژیانێکی باشن کۆماری ئیسلامی ناچار بکەین واز لە سیاسەتە ئاژاوەگێڕانە و تێکدەرانەکانی بهێنێت؛ ئەمە ئامانجی ئێمەیە و مەئموریەتێکە کە لەلایەن سەرۆکەوە پێمان دراوە."

وتوویشیەتی: ئەم خولە لە تەحریمەکان پشتی ڕێژیم دەشکێنێ تاکوو بەمشێوەیە نەتوانێ چیدیکە پشتیوانی لە تێرۆریزم بکات؛ تا ئێستا توانیومانە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ ١ میلیۆن لە ڕۆژدا کەم بکەینەوە لەوە بەدواش کەمتر دەبێتەوە؛ بەباوەڕی ئێمە تەواوی دنیا بەو ڕاستییەی زانیوە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ئێمەوە نەتەنیا ڕیشەی پەرەسەندنی تێرۆریزم لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وشک دەبێت بەڵکوو هەلێکی باشیش بۆ خەڵکی ئێران دەڕەخسێ تاکوو ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەیانهەوێ ئەنجامی بدەن.

پۆمپێئۆ لە تویتێکیشدا بەبۆنەی ٣٩هەمین ساڵڕۆژی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لەلایەن توندئاژۆکانی سەر بە ڕێژیم لە تاران ڕایگەیاند کە بیرەوەری بەدیل گیرانی ٥٠ کەس لە هاوکارەکانمان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ئێمە سوورتر دەکات لەسەر بەردەوامیمان بۆ بەچۆکداهێنانی ئێران.

دەسپێکی خولی دووهەمی تەحریمەکان کۆمەڵێک دژکردەوەیشی لێکەوتۆتەوە کە بەکورتی بەم چەشنەن: ئاڤیگدۆر لیبێرمەن وەزیری بەرگریی ئیسرائیل لە تویتێکدا دەسخۆشی لە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کردووە و وتوویەتی: ئەم کارەی بەڕێز ترامپ زەبرێکی کاریگەر لە کۆماری ئیسلامی دەدات.

حەسەن ڕوحانی سەرکۆماری ڕێژیمیش لە دانیشتنێکدا لە وەزارەتی ئابووریی وتوویەتی: بە شانازییەوە تەحریمەکان دەشکێنین! وتوویشیەتی: تەحریمەکان یارمەتیدەر بوون بۆ بازاڕی سەرمایە.

هەر لەم دانیشتنەدا ڕوحانی هەوڵی داوە وەها پیشان بدات کە گوایە تەحریم و گوشارەکانی ئامریکا دوژمنکارانە و دژ بە خەڵکی ئێرانە دەڵێ: ئامریکاییەکان تەنیا دەیانهەوێ خەڵکی ئێران لەژێر گوشاردا بن، هیچ شوێنێکی دیکە گوشاری بۆ نایەت! هەر ئەمەش وای کردووە کە جگە لە ئێمە لایەنەکانی تر بەتایبەت لە ئورووپا لە ئامریکا تووڕە بن.

هەر لەم ڕاستایەدا و لە ئاخاوتنێکی سەیروسەمەرەدا ئێسحاق جەهانگیری جێگری یەکەمی ڕوحانی وتوویەتی: "ئێمە دەوڵەتێکین کە لە بارودۆخی ئێستەدا قەرزی دەرەکیمان زۆر کەمە، داراییەکانی دەوڵەت زۆر زۆرن و دەتوانم بێژم ئێمە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندین."

ئەمەش لەکاتێکدایە کە تەحریمەکان بوونەتە هۆی کەمبەیەخبوونی دراوی ئێران و مایەپووچ بوونی زۆربەی کەرتە سەنعەتییەکان و خەڵک تەنانەت بۆ دابینکردنی "پووشەک"ی منداڵ دۆشداماون؛ هەر ئەم دۆخەش بوو کە عەلیئەکبەر ویلایەتی ناچار کرد داوا لە خەڵک بکات هاوشێوەی یەمەنییەکان بژین و لەباتی جل، "لەنگ" ببەستن و نانەڕەقە بخۆن.

هاوکات وەزیری خەزێنەداریی ئامریکا، پاش دەسپێکردنەوەی فەرمیی گەمارۆکانی ئەو وڵاتە دژ بە ڕێژیمی ئێران، لە ڕۆژنامەی "فاینەنشاڵ تایمز"دا نووسیویەتی: ئامریکا گوشاری زیاتر بۆ بەستنەوەی ئێران بە پێویست دەزانێ.

ستیڤێن منوچێن، ڕۆژی یەکشەممە سێزدەی خەزەڵوەر لە ڕۆژنامەی فاینەنشاڵ تایمزدا نووسی: لە ڕۆژی دووشەممەوە، توندترین گوشارە ئابوورییەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران دەست پێ دەکات، ئەمە تەنیا بەشێک لە پلانی ئامریکا بۆ گۆڕینی کردەوەکانی حکوومەتی ئێران و سپای پاسدارانە.

ناوبراو هەروەها نووسیویەتی: لە ڕۆژی دووشەممەوە، وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا، هەوڵی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی گەمارۆکان دژ بە ڕێژیمی ئێران تەواو دەکات و بەشەکانی وزە، گواستنەوە و بانکداری و بیاڤەکانی دیکە دەکاتە ئامانج.

بەگشتی بەهۆی بارودۆخی چەسپاو بەسەر ئێراندا کە بەشە سەرەکییەکەی بەهۆی بەڕێوەبەریی ناکارامە و سیاسەتە هەڵە و دوژمنکارانەکانی ڕێژیمی تارانەوەیە، کارناسان و چاودێرانی سیاسی بەرجەوەن و دوورەدیمەنێکی زۆر لێڵ و تەماوی بۆ ئێران پێشبینی دەکەن کە دەرەتانی ژیان تێیدا سەخت و سەختتر دەبێت؛ تەنانەت هەندێکیان پێیان وایە لێدوانەکانی ڕوحانی و باقی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ پاراستنی ڕەواییە خەیاڵییەکەی خۆیانە و دواجار هەر بۆخۆیان ناچار دەبن مل بۆ ویستەکانی ئامریکا و کۆمەڵگای جیهانی ڕابکێشن و جامی ژەهرێکی دیکە بخۆنەوە تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ئەم جامی ژەهرە سەری خۆیان دەخوات.

پەیڤ

## خەڵک بارمتەی جەللادن

**کەریم پەرویزی**

لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکارانە و تاوانبارانەی ڕێژیم و دەسەڵاتە ستەمکارەکاندا، تەنیا ڕێگا ڕاپەڕین و دژایەتیی هەموو سیما و ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی نارەوایە چونکە ئەم جۆرە دەسەڵاتە داسەپاوانە تەنیا کارێک کە دەیکەن یان خۆیان خەڵک سەرکوت دەکەن و لە نێوی دەبەن، یان خەڵک بە بارمتە دەگرن بۆ بەردەوامیی ڕێژیمەکەیان.

کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکی دوور و درێژە سەرەڕۆیی و ئاژاوەگێڕی دەکا، وەکوو هەمیشە لە پێناو مانەوەی ڕێژیمەکەدا و بۆ پەلهاویشتنی تیرۆریستانە بۆ هەموو شوێنێکی ناوچەکە، هەموو هەزینەیەک بە سەر خەڵکانی ئێراندا دەسەپێنێ و ئامادەیە کە خەڵک بکا بە قوربانیی سیاسەتە چەوتەکانی خۆی.

لە دوای ڕێککەوتنی بەرجامەوە دەرەتانێکی دیکە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درا کە وردە وردە خۆی لەگەڵ جیهاندا بگونجێنێ و بەرەو ڕێژیمێکی نۆرماڵ هەنگاو هەڵ بگرێ. ڕێژیمێکی نۆرماڵ کە هەم ڕێز لە یاسا و پڕەنسیپە جیهانییەکان بگرێ و هەم هەوڵ بدا کە لە دەرفەتەکان بۆ گەشەکردنی وڵات و ژیانی باشتری خەڵکانی ئێران کەڵک وەر بگرێ، بەڵام هەر وەک دەمانزانی و پێشبینیکراو بوو، ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک و پاوانخوازی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە نەک بۆ گەشەکردنی وڵات بەڵکوو بۆ پەرەدان بە تیرۆریزم و ئاژاوەگێڕی بەکار دێنێ.

ئەم ڕەوتە بووە هۆی دووبارە گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران و ئابووریی وێرانی وڵات بەرەو وێرانیی زیاتر هەنگاو دەنێ؛ بەڵام لەم نێوەدا وەکوو هەمیشە ئەوە نەتەوەکانی ئێران و خەڵکانی نیشتەجێی وڵاتێکی بەڵالێدراوی وەکوو ئێرانن کە دەکرێنە قوربانیی سیاسەتی پاوانخوازی و سەرەڕۆیی ڕێژیمی حاکم لە تاران.

رووحانیی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوای گەڕانەوەی هەموو گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیم، لە ڕۆژی ١٤ی خەزەڵوەردا دەڵێ کە ئەم گەمارۆیانە تەنیا گوشار بۆ خەڵک دێنن و گوشار بۆ هیچی دیکە ناهێنن!

ئەم وتەیە، هەرچەند هەندێ شتی ناڕاستی تێدایە و گەڕانەوەی گەمارۆکان پارەی دەستی ڕێژیمی تیرۆریست و سوپای پاسدارانی تیرۆریست کەم دەکا و بێهێزیان دەکا، بەڵام نیشانەی فەلسەفەیەکی تاوانبارانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە!

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# سکرتێری گرووپی هەموو حیزبەکانی پارلمانی بریتانیا بۆ کوردستان هاوخەمی خۆی لەگەڵ حیزب دەربڕی




سکرتێری گرووپی هەموو حیزبەکانی پارلمانیی بریتانیا بۆ کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و وێڕای پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد هاوخەمی خۆی بۆ شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی حیزب کە لە ئەنجامی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان شەهید کران، دەربڕی.

ڕۆژی یەکشەمە، ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر لەگەڵ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨، سکرتێری گرووپی هەموو حیزبەکانی پارلمانی بریتانیا بۆ کوردستان، بەڕێز گاری کێنت، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

لەم سەردانەدا گاری کێنت دیدارێکی لەگەڵ هەیئەتێکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستی کاک حەسەن شەرەفی جێگری لێپرسراوی گشتی حیزب، ئەنجام دا .

لە دیدارەکەدا سەرەتا گاری کێنت سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکرات کرد بە بۆنەی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی حیزب کە لە موشەکبارانی بنکەکانی حیزب گیانیان بەخت کرد و باسێکی لەسەر رۆڵ و کاری گرووپی هەموو حیزبەکانی پارلمانی بریتانیا و خوێندنەوەی خۆیان لەسەر هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و رۆڵی ئێران کرد.

دواتر جێگری لێپرساوی گشتیی حیزب سپاسی بەڕێز کێنتی کرد بۆ هاودەردیەکەی و پێداگری لەسەر ئەوە کردەوە کە دونیای دەرەوە، بە تایبەتی وڵاتانی دێموکراتیکی ئەورووپا، پێویستە کۆماری ئیسلامی وەکوو خۆی بناسن و رۆڵی نەرێنی ئێران لە ناوخۆی ئێران و لە هەرێمەکە لە بەرچاو بگرن لە کاتی هەڵویست گرتندا.

بەڕێز شەرەفی هەروەها ئیشارەی بەوە کرد کە پێویستە وڵاتانی دێموکراتیک پشتیوانی گەلی کورد و خەڵکی ئێران بکەن بۆ ئەوە بگەیەن بە داوا دێموکراتیکەکانیان.

هەر لەم پێوەندییەدا شەرەفی باسی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کرد و ڕوانگەی حیزبی سەبارەت بە رۆڵی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدانی ناسەقامگیری، شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا کرد. هەروەها هەردوو لا پرسی بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و پشتیوانی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

لە کۆتایی دیدارەکەدا بەڕێز شەرەفی دووبارە سپاسی گاری کێنتی کرد بۆ سەردانەکەی و دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ حیزبی دێموکرات.

# بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی سەردانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی کرد



پاشنیوەرۆی رۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی شاندێکی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی بە سەرپەرستی دکتور مووسا کەڤال سەرۆکی بزاف، سەردانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی پێنج حیزبی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری بە سەرپەرستی کاک محمد نەزیف قادری بەرپرسی دەورەیی ناوندەکە پێشوازییان لێکرا.

سەرەتای دیدارەکە دکتور مووسا و ئەندامانی شاندی بزاف وێڕای هاوخەمی بە پەرۆشبوونی خۆیان بۆ ئەو شەهید و بریندارانەی کە بە هۆی مووشەکبارانی ڕێژیمی ئێرانەوە بوونە قوربانی، دەربڕی؛پاشان مەبەستی خۆیان لە سەردانەکە بۆ دوو بابەت گەڕاندەوە کە یەکەمیان پێدانی زانیاری لەسەر ناوەرۆک و ئامانجەکانی بزاڤی ئاشتی ناوخۆیی وەک دامەزراوەیەکی هزری و روناکبیری لەپێناو دابینکردن و بەهێزکردنی گیانی ئاشتەوایی و لێبوردەیی نێوان لایەنە سیاسییەکان وهەوڵدان بۆ یەکڕیزی و ئاشتی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان خەبات دەکا و بۆ ئەو مەبەستەش دەیهەوێ بە دامەزراندنی پێوەندی و هاوکاری لەگەل ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران مەیدانی کارەکانی بەرفراونتر بکات.

دووهەم بابەت، پیرۆزباییان سەبارەت بە پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بوو کە ئەم یەکیەتی و کاری هاوبەشی نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان، بە نموونە و کارێکی گرینگ و جێگای بایەخ لەقەڵەم دا و پێداگرییان لەسەر پاراستن و بەرینترکردنی ئەم ناوەندە کردەوە.

لە لایەن کاک محمد نەزیف قادری و هەرکام لە ئەندامانی ناوەندی هاوکاریشەوە وێڕای بەخێرهێنان و سوپاسی هاوسۆزی و هەڵوێستی شاندی بزاڤی ئاشتی بۆ جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای پێدانی کورتەیەک زانیاری لەسەر ئامانج و بنەمای دامەزرانی ناوەندی هاوکاری کە لە پێناو خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و خۆئامادە کردنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەر ئەگەر و گۆڕانکارییەک کە لە داهاتوودا لە ناو ئێران بێتە ئاراوە، دامەزراوە و هەوڵی بەرینترکردن و بەشداری پێکردنی سەرجەم ئەو لایەنە خەباتکار و دەروەستانەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەدەین کە بڕوایان بە ئامانجەکانی ئەم ناوەندە وەک داکۆکیکاری مافی نەتەوەیی و دێموکراسی و بەها مرۆڤییەکان و چارەنووسی گەلەکەمانیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، دەدەین.

لە کۆتایی دیدارەکەدا دوو لایەن پێداگرییان لە سەر بەردەوامی پێوەندی و هاوکاری دووقۆڵی نێوانیان کردەوە.

# بەشی ماڵیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بانگەوازێکی بڵاو کردەوە

ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، ڕوو لە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز دەکات کە وەک هەمیشە پشت و پەنای لەشکان نەهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن.

دەقی بانگەوازەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانیانی ئازادیخواز!

خەباتکاران و شۆڕشگێڕانی ماندوونەناس، هۆگرانی ئازادی و دادپەروەری!

ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هەر وەک ئاگادارن ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ماکەی تێرۆریزمی جیهانی بە هۆی لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و پشتیوانی لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی ناوچە و دنیا، هەروەها بە هۆی ناکارامەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات و خستنە مەترسیی ئاسایشی تێکڕای گەلانی ئێران و بەتایبەتیش لە کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا وەک ڕێژیمێکی دژی مرۆیی بێزراوە.

چەخماخەی ڕاپەڕین لە نێوخۆی وڵات لێدراوە و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لەگەڵ گەمارۆی توندی ئابووری بەرەوڕوو بووەتەوە. لە کاتێکدا تەمەنی پڕ لە تاوانی ئەو ڕێژیمە تێرۆریستییە گەیشتووەتە لێواری لەناوچوون کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر لە جاران لەمەڕ گەیشتن بە مافی ڕەوا و دێموکراتیکی خۆی شێلگیر و بەهێزتر بووە و بەتایبەتیش ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە گیانفیدایی و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەلێک دەسکەوتی بەنرخی بۆ نەتەوەکەمان بەدەست هێناوە و توانیویەتی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە ئاستی جیهاندا بخاتە ڕۆژەڤی ڕووداوەکان و شوناسی تایبەتی پێ ببەخشێ.

خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان و بەتایبەتیش ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی ئێستادا بە قۆناخێکی زور هەستیاردا تێدەپەڕێ و دەرفەتی مێژوویی لەبەردەستە کە پێویستە هەموو لایەک بە مەسئوولیەتەوە ئەو دەرەفەتە لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان بقۆزینەوە و تێکڕای دڵسۆزان و ئازادیخوازان و بە تایبەتیش ئەندامان و لایەنگرانی دەروەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات یارمەتیدەری بن.

بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر بیروڕای گشتی جیهان بەرەو پرسە نەتەوایەتییەکانمان و پرسی کورد لە ئێران ڕابکێشین و لە ناوخۆی وڵاتیش قۆناخی ڕاپەڕین و زایەڵەی خەبات زیاتر بە کردەیی بکرێ، بە تاک و کۆمەڵ ئەرکی قورسی بە مەنزڵ گەیاندنی ئەو خەباتەمان لەسەر شانە و وەک دەزانن یەکێک لە جومگە سەرەکییەکانی پێویستیی سەرکەوتنی ئەو خەباتەش بوونی، بونیەکی ماڵیی بەهێزە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازی ئەوەی پێ بڕاوە وەک هێزی نەتەوەیی و جێگەی بڕوای گەلەکەی پشت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندامان و دڵسۆزانی لە دەرەوەی وڵات ببەستێ. هەر لەو ڕاستایەشدا ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، ڕوو لە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و بەتایبەتیش کوردانی دەرەوەی وڵات دەکات کە وەک هەمیشە پشت و پەنای لەشکان نەهاتووی حیزبەکەتان "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و جووڵانەوەی ئازادیخوازی بن لە ڕۆژهەڵات و بەپێی توانا یارمەتی ماڵی پێشکەش بکەن. بە دڵنیاییەوە یارمەتی ئێوە کاریگەری زۆری هەیە لە ڕاستای بەرەوپێشچوون و بەهێزبوونی ڕاسانی ڕۆژهەڵات.

پێشەکی بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین و دەستی یارمەتیبەخشتان دەگوشین.

بە هیوای سەرکەوتن

بەشی ماڵیی حیزب لە دەرەوەی وڵات

٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی

# حیزبی دێموکرات برووسکەی هاوخەمی خۆی گەیاندە سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان



شاندێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی ساڵڤەگەری کۆچی دوایی مامۆستا عەلی عەبدوڵادا بەشدارییان کرد و برووسکەی هاوخەمی خۆیان گەیاندە سەرکردایەتی پارتی دێموکرات.

پاشنیوەرۆی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی جێگری یەکەمی لێپرساوی گشتی حیزب، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا عەلی عەبدوڵا سکرتێری پێشووی پارتی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر کرد و بەو بۆنەوە برووسکەی پەژارە و هاوخەمی حیزبی دێموکراتیان بە سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان گەیاند .

لەو کۆڕەدا کە وێڕای سەرکردایەتی پارتی، بە بەشداری جەماوەرێکی بەرچاو لە حیزبە کوردستانییەکان، پارلمانتار و وەزیرەکان بەڕێوە چوو، لە چەندین بڕگەدا ڕۆڵ و خەباتی دەیان ساڵەی خوالێخۆشبوو عەلی عەبدوڵایان لە نێو پارتی دێموکرات و خزمەت بە دۆزی نەتەوەکەیدا بەرز نرخێندرا.

شایانی باسە شاندی حیزب لەو مەراسمەدا چاویان بە کۆمەڵێک کەسایەتی و سەرکردەی حیزبە کوردستانییەکان کەوت؛ لە کۆتایی مەراسمەکەشدا لە لایەن سەرکردایەتی پارتی دێموکراتەوە بەوپەڕی ڕێزەوە بەڕێ کرانەوە.

# دیداری نێوان شاندی حیزبی دێموکرات و شاندی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە دیدارێکدا لەگەڵ هەیئەتی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، پێکهاتوو لە خاتوو "ئەڤین ئینجێر" جێگری بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، "سامی مایشیل" وتەبێژی وەزارەتی وزە بۆ هەماهەنگیی سیاسی و خاتوو "سانا ئیلیاسۆن" بەرپرسی پرۆژەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئامریکا لە دەزگای ئۆلێف پالمە، کە بۆ کۆمەڵێک بەرنامە و دیدار لەگەڵ چەند حیزبێکی کوردستانی هاتبوونە هەرێمی کوردستان، تیشکیان خستە سەر کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی کۆمەڵکوژیی سیستماتیکی کوردەکان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە .

لەو دیدارەدا "محەممەد نەزیف قادری"، جەختی کردەوە کە لە ڕاستای ئەو بارودۆخە نالەبارەدا کە ڕێژیمی ئێران بۆ خەڵکی کورد هێناویەتە پێش و بەردەوام درێژە بە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە ناخۆ و دەرەوە بۆ لەناوبردنی جیابیران و دژبەرانی دەدات، پێویستە سوسیال دێموکراتەکانی ئوروروپا و ئەو هێز و لایەنانەی کە بڕوایان بە دێموکراسی، مافی مرۆڤ و سەقامگیری هەیە، پشتیوانی لە خەباتی جەماوەری و مەدەنیانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان و کەرامەتی مرۆییان بکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا، جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک داتا و دیکیۆمێنت و زانیاریی پێوەندیدار بە پێشێلکارییەکانی دژە مرۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی، ڕادەستی شاندی سوسیال دێموکراتەکان کرد.

# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی سێمینارێکی بەڕێوە برد



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سلێمانی بە هاوکاریی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لەو شارە، سێمینارێکی بەڕێوە برد.

ڕۆژی هەینی ١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢ی نوامبری ٢٠١٨ی زایینی، کۆمیتەی "هەتاو"ـی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هاوکاریی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی سمینارێکی بۆ بەڕێزان "فوئاد خاکی بەیگی" بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی و "عومەر فەخرەدین‌فەر" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوە برد.

سەرەتای سێمینارەکە بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد، پاشان لە لایەن بەڕێز "ئازاد شافێعی" بەرپرسی کۆمیتەی "هەتاو"ـی یەکیەتیی لاوان لە شاری سلێمانی بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا.

دواتر بەڕێز "فوئاد خاکی‌بەیگی" کە تەوەری باسەکەیان لەسەر ڕاسانی خۆرهەڵات بوو، لە دەستپێکی قسەکانیدا باسی لە نێوەڕۆکی ڕاسان وەکوو قوناغێکی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرێدانی خەباتی شار و شاخ کرد؛ وتی: "لە هەندێک ڕوانگەوە ڕاسان تەنیا بە خەباتی چەکداری دەبینرێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو هەموو ڕوانگانەی کە باس دکرێن، ڕاسان نە تەنیا لە خەباتی چەکداریدا بەرتەسک نەکراوەتەوە، بەڵکوو خەباتێکی هەمەرەهەندە کە شێوازەکانی خەباتی دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، خەباتی ڕاگەیاندن و ...هتد لە خۆی دەگرێتەوە".

خاکی بەیگی لە درێژەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئامانجەکانی ڕاسان و ڕایگەیاند: ڕاسان پرۆژەیەکە بۆ کۆبوونەوەی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی کاری هاوبەش، وەکوو پێکهێنانی هێزی چەکداریی هاوبەش، ناوەندێکی دیپلۆماسی هاوبەش و ...هتد

هەروەها لە کۆتایی باسەکەیدا ئاماژەی بە پلان و بەرنامەکانی ڕاسان لەسەر پێگەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا کرد و وتیشی: "ئامانجی ڕاسان تەنیا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو پێکهێنانی بەرنامە و پرۆژەیەکە بۆ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێگەی کورد لە داهاتووی ئێرانێکی دێموکراتیکدا".

لە بڕگەیەکی تری سێمینارەکەدا بەڕێز "عومەر فەخرەدین‌فەر" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان، کە تەوەری باسەکەیان لەسەر کاری ڕێکخراوەی و ئەرکی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە کاری ڕێکخراوەییدا بوو، ئاوڕێکی لە مێژووی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان دایەوە، کە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتە و باسی قوناغەکانی مێژوویی یەکیەتیی لاوان کرد و وتی: "یەکیەتیی لاوان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا هەنووکە چوار قوناغی جۆراوجۆر و پڕ هەورازی بڕیوە، دوا قوناغیش لە ساڵی ١٣٩٤ هەتاوی بوو، کە بیرۆکەی هاتنە ئارای پرۆژەی ڕاسان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بوو".

کاک عومەر لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵ و ئەرکەکانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە بەرەو پێشبردنی ڕاسان کرد و وتیشی: "دوو ڕەهەندی سەرەکی ئەرکی یەکیەتیی لاوان و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کە دەبێت بە مەبەستی بەرەو پێشچوونی ڕاسان لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە کاری لەسەر بکرێت. یەکەم، ڕێکخستن و دیاریکردنی ئەرکەکانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، دووهەم، حزووری یەکیەتیی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەبێت لاوانی ڕۆژهەڵات تێکەڵ بە ڕێکخراوەکەی خۆیان بن و کۆتایی بەم دابڕانە بهێنرێت".

ناوبراو لە کۆتایی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر هۆشیاری و وریایی لاوانی ڕۆژهەڵات وەکوو کاریگەرترین توێژ لەسەر خەباتی شار و ڕایگەیاند: کە لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ساڵەکانی ٥٧ و ٥٨ی هەتاوی بیرۆکە و داواکارییەکانیان گۆڕاوە، وتیشی: "ئێستا ئەوەی کە بۆ سەرجەم کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت توێژی لاوان وەکوو کاریگەرترین توێژ لەسەر خەباتی شار و بەرەو پێشچوونی ڕاسان گرنگە، سیاسەتکردنە، کە دەوترێت سیاسەت مەبەست لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسەتە، وەکوو سیاسەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ...هتد".

لە کۆتایی سێمینارەکەدا بەشداربووان پرسیار و ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان خستە بەرباس و لە لایەن بەڕێزان فوئاد خاکی‌بەیگی و عومەر فەخەردین‌فەرەوە وڵامیان درایەوە.

# بەشداری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستاندا



هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر، بەشداریی لە کۆنگرەی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستاندا کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، هەیئەتێکی دەزگای پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر بە سەرپەرەستیی "محەممەد ساڵح قادری" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە هەولێر، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان، بەشداریان لە مەڕاسمی کردنەوەی چوارەمین کۆنگرەی ئەو پارتە لە شاری هەولێر کرد.

لەو مەڕاسمەدا هەیئەتی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات، پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە سەرکردایەتی پارتی پارێزگاران گەیاند و لە لایەن سەرکردایەتی پارتی پارێزگارانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا، هەیئەتی نوێنەرایەتی زۆربەی حیزبەکانی هەر چوار بەشی کوردستان، نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکانی باشووری کوردستان، پارلمانتارو کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان بەشدار بوون و شاندی حیزب لە میانەی ئەو بۆنەیەدا چاوی بە کۆمەڵێک دۆست ولایەنی خەباتکار کەوت .

# دیداری ڕێکخەری تەڤگەری چاکسازیی کورد-سووریە لە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر



ڕێکخەری تەڤگەری چاکسازیی کورد-سووریە وێڕای شاندێکی یاوەری، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی تەڤگەری چاکسازیی کوردی-سووریە، بە سەرپەرەستیی "فەیسەل یوسف" ڕێکخەری گشتیی تەڤگەری چاکسازی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەزگای پەیوەندییەکانی حیزبەوە بە سەرپەرستی "محەممەد ساڵح قادری" نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا، شاندی دوو لایەن وێڕای تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و شرۆڤەیان بۆ ئاراستەی هەرکام لە هاوکێشەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانەکانی ناوچەکە و چۆنیەتی پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە ، جەختیان لە سەر جیدیەتی خەبات و پێداگریان لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری پەیوەندی و هاوکاری نێوانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی داگیرکەران و هاوپەیمانەکانیان کردەوە.

شاندی تەڤگەریی چاکسازیی کوردی-سوریە پێکهاتبوون لە:

فەیسەل یوسف ـ ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوە

کازم خەلیفە ـ ئەندامی مەکتەبی جێبەجێکردن

فیروشاه عەبدولسەمەد ـ ئەندامی مەکتەبی جێبەجێکردن

وەلید فەرمان ـ ئەندامی مەکتەبی جێبەجێکردن

جدعان عەلی ـ نوێنەری تەڤگەر لە هەرێمی کوردستان

## درێژەی پەیڤ

لە هەموو جیهانی ئازاد و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، کاتێک قەیرانێک بەرەوڕووی وڵات دەبێتەوە، دەسەڵاتداران و خاوەن پێگەکانی وڵات هەموو هەزینەیەک لە خۆیان و لە هێزی نیزامی دادەنێن تاکوو قەیرانەکە تێپەڕ بێ و خەڵک بە ئاسوودەیی بگەن، بەڵام لە ڕێژیمێکی وەک دەسەڵاتی داسەپاو لە تاراندا، سەرکۆماری ئەم ڕێژیمە بەوپەڕی بێشەرمییەوە دان بەوەدا دەنێ کە خەڵکیان وەکوو بارمتە گرتووە و هەرچی گوشار بۆ ڕێژیم بهێندرێ، ئەوانیش خەڵک دەکەنە قەڵغانی بەڵاکان و وەکوو بارمتەیەک ڕوو بە دونیا دەڵێن کە گەر گوشارمان بۆ بێنن، خەڵک ئازار دەدرێ!

ئەوەی ڕاستە کە گەمارۆکان لە نان و خوانی خامنەیی و ڕووحانی و تاوانبارانی نێو ئەم ڕێژیمە کەم ناکاتەوە، بەڵام هەموو کردەوە و هەنگاو و سیاسەتەکانیان زیاتر دەیسەلمێنن کە ئەم ڕێژیمە نەک دەسەڵاتی ئیدارەکردنی وڵاتی نییە، بەڵکوو باندێکی مافیایی و تیرۆریستن کە نەتەوەکانی ئێرانیان بە بارمتە گرتووە و دەبێ بە هەر شێوەیەک بووە هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی بارمتەکان لە دەستی مافیای کۆماری ئیسلامی بدرێ.

# تێکۆشەرانی دێموکرات بەشێوەی جۆراوجۆر پشتیوانی خۆیان لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات دەربڕی




لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا و لە چەندین شوێنی کوردستان، درێژەدەرانی ڕێبازی پڕسەروەری بە ئەنجامدانی چالاکی تەبلیغی وەفاداری و ئەمەگناسی خۆیان بۆ ڕێبازی سەروەرانی مێژوو دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان بەیاننامەی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتیان بڵاو کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە شارەدێی "دزڵی"ـی ناوچەی مەریوان بەیاننامەی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتیان بڵاو کردەوە و پشتیوانیی چەندین بارەی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

لەو چالاکییەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروشمی وەک: "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بژی قاسملوو"یان وتووەتەوە.

لە بەشێکی ئەو بەیاننامەدا، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی تێکۆشەری شارەدێی دزڵی کردبوو کە لاوانی قارەمانی ئەو گوندە پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بن و چەکی شەرەف و خاکپارێزی هەڵبگرن.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانییە ڕوو لە دانیشتوانی شارەدێی دزڵی، تێکۆشەرانی دێموکرات بە خۆشحاڵییەوە بەرەوپیری ئەو داواکارییە چوون و دەقی بەیانییەکەیان لە شوێنە جیاوازەکانی ئەو ناوچەیەدا بڵاو کردەوە.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ و پیرانشار بە نووسینی دروشمی وەک "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" پاڵپشتیی خۆیان لە پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شارەدێی پەسوێ، وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان بڵاو کردووەتەوە و ئاڵای کوردستانیشیان هەڵکردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان گۆڕستانێکی ئەم ناوچەیان، کە چەندین شەهیدی سورخەڵاتی گەل لەوێدا نێژراون، بە ئاڵای کوردستان نەخشاند.

گۆڕستانی سەرچنار، سەوزی و خەتایی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان کە بە یەکێک لە گەورەترین گۆڕستانەکانی ناوچە دەژمێردرێ و چەندین شەهیدی سورخەڵاتی گەلی لە ئامێز گرتووە، لەلایەن تێکۆشەرانی دێموکرات و درێژەدەرانی ڕێبازی شەهیدان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و درووشمی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و "بژی ڕاسان" نەخشێندرا.

ئەندامان و لایەنگرانی ئەمەگناسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی "خورینجە"ی سەر بە شاری پیرانشار، پەیمانی وەفاداریی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەم گوندە بە نووسینی دروشمگەلێکی وەکوو: قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها بە بڵاوکردنەوەی پووستێری تایبەت بە ڕێبەری شەهید، دوکتور قاسملووی مەزن، بۆ جارێکی دیکە وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات و ڕێبازی شەهیدان دەربڕی.

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژئاوای کوردستان: دەبێ بە ڕێزەوە سەیری "ڕاسان" بکرێت



شاندێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژئاوای کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد و سەبارەت بە دۆخی خەباتی کورد لە پارچەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژئاوای کوردستان پێکهاتوو لە ڕێکخراوەکانی کورد و ئەرمەن و سریان و عەرەب بە سەرپەرستی بەڕێز "هەڤاڵ ڕامی"، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستی بەڕێز "فواد خاکی بەیگی" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە سلێمانی پێشوازیان لێکرا.

لەم دانیشتنە دۆستانەیەدا ڕەوشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان و پرسی کورد لە ناوچەکە تاوتوێ کران و سەبارەت بە کۆمەڵێک کاری هاوبەش ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

شاندی میوان بەگرینگی و بایەخەوە ڕوانییانە خەباتی حیزبی دێموکرات و راسانی ڕۆژهەڵاتیان بەرز نرخاند و هاودەنگی هەموو لایەکیان لەسەر پرسە نیشتمانیەکان بە پێویستییەکی هەنووکەیی و زەرووری زانی.

پێویست بە ئاماژەیە کە لەو دانیشتنەدا هەیئەتێکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەشداری باس و بابەتەکان بوون.

# جووڵانەوەی ڕزگاریخواز کولتووری دێموکراتیک دەخوازێ

دوکتور میرۆ عەلیار

بەشی ٢

لەپێوەندیی لەگەڵ پرسی کولتووری دێموکراتیک، ئەوڕۆ کێشەکە لە کوێیە و دەبێ چ بکەین؟

کێشەکە لەوەدایە کە هیچ لایەنێکی کوردستانی بڕوای بە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی کولتوور لە خەباتی ڕزگاریخوازدا نەهێناوە و هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە نادا.

لە پەیمانی "سایکس- پیکۆ"وە هەتا ئەوڕۆ پتر لە سەد ساڵ تێدەپەڕێ، لەو ماوەیەدا چەندین جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەریانهەڵداوە، بەڵام ئێستا خاوەنی کولتوورێکی تایبەت و گونجاو لەگەڵ سروشتی خەباتی ڕزگاریخواز نین!

بۆ ئەوەی بتوانین ئاسەوارە نەرێنییەکانی کولتووری سیاسی مەوجوود بسڕینەوە و هەوڵ بۆ داهێنان و جێگیرکردنی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک بدەین، دەبێ سەرەتا بیسەلمێنین کە کولتووری سیاسیی ئێستامان نەخۆشە و ناتوانێ بەر بگرێ بە نفووز و بڵاوبوونەوەی کولتووری داگیرکەر و داماوە لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی نێو جووڵانەوە.

ئەوەیکە دوای سەد ساڵ، خەباتی کورد نەیتوانیوە کولتوورێکی تایبەت بەخۆی بێنێتە ئاراوە و بکرێ ناوی کولتووری جووڵانەوەی لەسەر دابنرێ، ڕەنگە بۆ چەند فاکتەر بگەڕێتەوە:

گەشەنەسەندنی سیاسەت وەک زانست بەشێوەی پێویست، گرنگینەدان بە پرسە سیاسی و نەزەرییەکان کە ئەوەش بۆتە کۆسپی مودێڕنیزەکرانی خەباتی ڕزگاریخواز.

لە کاتێکدا حکوومەتەکان سیاست و مێتۆدی چەوسانەوە و سەرکوتی جووڵانەوەی کوردیان تەواو مودێڕنیزە کردووە و بەمەبەستی پاشەکشەپێکردن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، لە هەموو زانست و تێکنۆلۆژی سەردەم کەڵک وەردەگرن، خەباتی حیزبەکانی کورد ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و ئێستاش دوای ئەو هەموو ناکامییە، هەروا بەشێوەی سوننەتی بەڕێوەدەچێ!

نەبوونی سوننەتی پێداچوونەوە و خەسارناسی لەنێو جووڵانەوەکانی کورددا کورد لە گەمارۆ و لەژێر سەیتەرە و کارگەریی سێ کولتووری نادێموکراتیکدا ڕزگاریی نەبووە :

١. پاشماوەکانی کولتووری عەشیرەیی کۆمەڵگای کوردستان

٢. کولتووری ئیدئۆلۆژیک و ئیستبدادتەوەری کۆماری ئیسلامی

٣. پاشماوەکانی کولتووری چەپی ئیدئۆلۆژیک و تەمەرکوزگەرا

ئەو سێ کولتوورە لەگەڵ ئەوەی خاوەن و سەرچاوەکەیان جیاوازە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە کە جووڵانەوەکانی کوردیان نەخۆش و بێتاقەت کردووە. دەمارگرژی، پاوانخوازی، توتالیتێربوون، موتڵەقگەرایی و تەمەرکوزگەرایی لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو کولتوورانەن کە بەتەواوی لەگەڵ ڕۆح و سروشت و ئامانجی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز ناتەبان.

هیچکام لەو کولتوورانە ماهییەتەن توانا و زەرفییەتی قەبووڵکردنی جیاوازی و پلۆرالیزمیان نییە، جیاوازیی بیروڕا بە تاوان و دوژمنایەتی دەزانن، توانا و قابلییەتی ڕێککەوتن و یەکگرتن و خەباتی هاوبەشیان نییە و لە دنیا و ئاواتی سیستمی تاک‌حیزبیدا دەژین.

بەتایبەتی دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە پەروەردە و پێکهاتەی فکری و تەشکیلاتی زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات کۆپیکراوی پەروەردە و جهانبینی و ساختاری تەشکیلاتیی حیزبە ئیدئۆلۆژییەکانی نەتەوەی حاکمن.

ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشان و مانەوەی چەندین ساڵەی حیزبەکانمان لەژێر سەیتەرە و هێژمۆنی فیکری و سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبە چەپ و ئیدئۆلۆژییەکانی فارسدا کە ئاسەوار و کاریگەریی قووڵی لەسەر بیروباوەڕ و سیاسەتی حیزبە کوردستانییەکان بەجێهێشتووە و بۆتە بەشێک لە کولتووری سیاسیی ئەو حیزبانە لە نێو خۆیان و بەرامبەر بە دەرەوەی خۆیان.

ساڵیانێکی دوور و درێژ خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گرێدراوی خەباتی سەراسەری بووە و کاری سیاسی لە کوردستان وەک تابعێک لە بەرنامە و شێوەخەباتی سەراسەری ئێران سەیر کراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە مەوقعییەتی سیاسی- حقوقی و ئەساسەن خەباتی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی ناوەندی، ماهییەتەن جیاوازی هەیە لەگەڵ پێگەی سیاسی- حقوقی گەلی کوردی ژێرستەم و خەباتەکەی بۆ ماف و ئازادی.

ئەگەرچی حیزبە کوردستانییەکان لە

**ساڵیانێکی دوور و درێژ خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گرێدراوی خەباتی سەراسەری بووە و کاری سیاسی لە کوردستان وەک تابعێک لە بەرنامە و شێوەخەباتی سەراسەری ئێران سەیر کراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە مەوقعییەتی سیاسی- حقوقی و ئەساسەن خەباتی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتي ناوەندی، ماهییەتەن جیاوازی هەیە لەگەڵ پێگەی سیاسی- حقوقی گەلی کوردی ژێرستەم و خەباتەکەی بۆ ماف و ئازادی.**

ژێر چەتری تەشکیلاتی حیزبە چەپە ئیدئۆلۆژیکییەکاندا نەماون، بەڵام بیروباوەڕ و شێوەکار و کولتووری سیاسیان بەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەروا قورسایی دەکا.

پەروەردە و تێگەیشتنی ئەو ڕێکخراوە ئیدئۆلۆژیکییانە لە خەبات و

**سەیتەرە و زاڵبوونی ئیدئۆلۆژی و کولتووری سیاسیی حیزبە چەپە ئیدئۆلۆژیکییەکانی فارس بەسەر جووڵانەوەی حیزبە کوردستانییەکان دا، دەبێ وەک سەرچاوە و دایکی زۆربەی کێشە و ناتەبایی و کەموکووڕییەکان سەیر بکرێ: هەم لەنێوخۆی حیزبەکاندا، هەم لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتر.**

حیزبایەتی، بەتەواوی لەگەڵ ڕۆح و فەلسەفەی خەباتی نەتەوەیی ناتەبایە و ئەو فەرهەنگە سیاسییەی کە لەو

**کێشەی گەورەی ئەوڕۆی جووڵانەوەی میللی- دێموکراتیکی کورد، هەژاریی کولتووری سیاسییە و خەبات و تێکۆشان بۆ دابینکردنی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک، لانیکەم بەقەت شێوەکانی دیکەی خەبات بۆ گەشەسەندن و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز پێویستە.**

پەروەردەیە کەوتۆتەوە، زیانی زۆری بە ژیانی سیاسیی حیزبە کوردستانییەکان و پێوەندی و هەڵسوکەتیان لەگەڵ یەکتر گەیاندووە.

سەیتەرە و زاڵبوونی ئیدئۆلۆژی و کولتووری سیاسیی حیزبە چەپە ئیدئۆلۆژیکییەکانی فارس بەسەر جووڵانەوەی حیزبە کوردستانییەکان دا، دەبێ وەک سەرچاوە و دایکی زۆربەی کێشە و ناتەبایی و کەموکووڕییەکان سەیر بکرێ: هەم لەنێوخۆی حیزبەکاندا، هەم لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتر.

لە کۆتاییدا دەمهەوێ لەسەر ئەوە پێداگرم کە کێشەی ئێمە لەنێو جووڵانەوەدا سیاسی نییە، بەڵکوو کولتووری سیاسییە! بۆئەوەی لایەنێکی ئەو بۆچوونە ڕوون بکەمەوە، بەکورتی ئاماژە دەکەم بە پرسی یەکگرتن و یەکگرتنەوە کە ئەو ڕۆژانە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گەرمە هاتۆتەوە بەرباس.

یەکەم، دەبینین کە لە جیاتی هێنانەوەی ئیستدلال و پێشنیاری سیاسی بەکەڵک بە زمانێکی شیاو، کەسانێک بە ناحەزترین و ناشیرینترین وشە و ئەدەبییات "هەڵوێست" دەگرن و هێرش دەکەنە سەر لایەنی بەرامبەر و ناویشی دەنێ سیاسەت و داکۆکی لە بیروبۆچوون و سیاسەتی ڕێکخراوەیی!!

مرۆڤی سیاسی ئەگەرچووکترین باوەڕی بە جیاوازی هەبێ و دڵی بۆ یەکڕیزیی کورد لێبدا، خۆی بە حەقیقەتی موتڵەق نازانێ و لە قاڵبی مامۆستای ئەخلاق و سیاسەتدا مافی جیاوازبیرکردنەوە بۆ لایەنەکانی دیکە پێشێل ناکا و لەگەڵ بەرامبەرەکەی بە زمان و ئەدەبیاتێک دەدوێ و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ کە شیاوی مرۆڤێکی سیاسی بێ. پاشان، ئەوە چ ڕێکخراوەیەکی سیاسییە کە دڵی بەو شێوە تەبلیغ و دیفاعە خۆشە و بۆ سەلماندنی سیاسەتی خۆی پێویستیی بە جنێو و سووکایەتیکردن بەم و بەو هەیە؟ ئاخر ئەوە چ شانازی و هونەرێکی تێدایە کە ئەگەر کەس نەبوو، من هەبم؟ اهێز و ئیعتبار و بوونی خۆم لە لاوازی و نەمانی خەڵکی دیکەدا بەدی بکەم؟!

سەیر ئەوەیە کە کابرا بەناوی دڵسۆزی بۆ یەکیەتی و یەکگرتن، بێڕێزی بە عەرز و ئاسمان دەکا و لە هەمان کاتدا ئیراد و ڕەخنە لە پڕشوبڵاوی و دووبەرەکی دەگرێ! ڕێککەوین و یەکگرتن و خەباتی هاوبەش کولتووری خۆی گەرەکە.

یەکیەتی و یەکگرتن بە جنێو و بێڕێزیکردن پێکنایە. ئەو کردەوانە پێش بە پێکهاتنی فەزای تەفاهوم دەگرن و کێشە و دووبەرەکییەکان قووڵتر دەکەنەوە.

بەداخەوە بەناوی "ئازادی بەیان" زمانی زبر و لاتاو و بێحورمەتی بە جیابیران بۆتە دیاردە و کراوە بە بەشێک لە ململانێ و خەباتی سیاسی! ئایا ئەوە چەوتتێگەیشتن و کەڵکی خراپوەرگرتن لە ئازادی نییە؟ ئایا ئەو دیاردە نەشیاوە پێوەندییەکی بە ئازادی بیروڕادەربڕین و کولتووری دێموکراتیک و نەتەوەییەوە هەیە و خزمەتێک بە تەبایی نێوماڵی کورد دەکا؟

بەپێچەوانەوە، ئەو دیاردەیە دۆخەکە دەشێوێنێ و فەزای سیاسی کوردستان مەسموم دەکا و لە فەزای سیاسی موسمووم‌دا، سیاسەت و تێکۆشەری سیاسی نەخۆش دەکەون و لە ڕەسالەتی سیاسی خۆیان دوور دەکەونەوە. کێ قازانج دەکا؟!

ئەو کارە نەشیاوە ئەوەندە پەرەی سەندووە کە ڕێژیم لە ڕێگای بەکرێگیراوانی خۆیەوە دەتوانێ بەهاسانی و لەسەر چووکترین شت پێکمانهەڵپڕژێنێ و تووشی شەڕەجنێومان بکا!

دووهەم، لە هەموو هەڵوێست و "کامێنت"ـەکاندا تاکەکانی نێو حیزبەکان(کورسیپەرستان، بەرژەوەندیخوازان ...) بە بەرپرسی پڕشووبڵاوی و یەکنەگرتنەوە و کۆسپی یەکگرتن بەگشتی دادەنرێن.

دایبنێین کە کورسیپەرستی و تەماحی وەدەستهێنانی پلە و پایە و دژایەتیکردن لەگەڵ یەکگرتن و یەکگرتنەوە لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی، ڕاست بێ و دەور بگێڕێ بەڵام مەگەر هەموو ئەوانە بۆخۆیان بەرهەمی نەبوونی کولتووری دێموکراتیک نین؟!

بەگشتی، سنووردارکردنی ئەو پرسە گرنگە بە کورسیپەرستی و دەسەڵاتخوازی چەند کەس، هاسانکردنەوەی مەسەلەکەیە بۆخۆمان.

گەران لە تاوانبار لەنێو تاکەکاندا لە ئەسڵی مەتڵەب و هۆکاری سەرەکی دیاردەی دووبەرەکی و یەکنەگرتن لامان دەدا.

ئەگەر خاوەنەکانی کورسی و دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی تەنیا هۆکارن بۆ یەکنەگرتنەوە و پێکنەهاتن و درێژەی پڕشووبڵاوی، ئەی ئەو کەسانەی کە نە پلەوپایە و کورسیان هەیە و نە دەسەڵاتێکیان بەدەستە، بەڵام توندتر و "چالاک"تر لە "کورسیپەرستەکان" لە ئاڵۆزی و دووبەرەکینانەوەدا بەشدارن، لەسەر چووکترین مەسەلە دەست دەکەن بە جنێو و سووکایەتیکردن بەملاو و بەولا و لەگەڵ هەر لێکنزیک بوونەیەک دێنە سەرخەت و فەزاکە مەسموم دەکەنەوە، بەچی تەوزیح دەدرێ و وڵام دەدرێتەوە؟ ئەو کەسانە بۆ کورسی و دەسەڵاتی کێ دژایەتی تەفاهوم و یەکگرتن دەکەن؟!

هۆکاری نەحاوانە و نەبڕانەوەی دووبەرەکی، یەکنەگرتن و پێکنەهاتنی کۆبەندی و هاوکاریی لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو کولتوورە سیاسییە سەقەت و گەشەنەسەندووەیە کە بەهۆی سروشتی نادێموکراتیک و توتالیتێری، دوورخەرەوەیە و زەرفییەتی قەبووڵکردنی جیاوازی و پلۆرالیزمی نییە، بڕوای بە دێموکراسی و یەکیەتی و یەکگرتوویی و خەباتی هاوبەش لاوازە، پاوانخواز و تەمەرکوزگەرایە و دابەشکردنی دەسەڵات و سەڵاحییەت ناسەلمێنێ.

لەبەر ڕووناکایی ئەو تێگەیشتن و لێکدانەوەی سەرەوە، نووسەری ئەو دێڕانە لەمێژە هاتۆتە سەر ئەو بڕوا و قەناعەتە کە کێشەی گەورەی ئەوڕۆی جووڵانەوەی میللی- دێموکراتیکی کورد، هەژاریی کولتووری سیاسییە و خەبات و تێکۆشان بۆ دابینکردنی کولتوورێکی سیاسی دێموکراتیک، لانیکەم بەقەت شێوەکانی دیکەی خەبات بۆ گەشەسەندن و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز پێویستە.

چون، ئەگەر بەوردی لە مانا و کاریگەریی کولتوور وردبینەوە، دەیسەلمێنین کە سەرچاوە و ماکەی بەشی هەرەزۆری کێشە و نەخۆشییە سیاسییەکانی نێو جووڵانەوەی کورد، نەبوونی کولتووری دێموکراتیک و زاڵبوونی کولتوورێکی نادێموکراتیکە کە نەک هەر هیچ سازگاری و هاوبەشییەکی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخواز نییە، بەڵکوو بۆتە کۆسپی سەرەکی بۆ گەشەسەندن و بەرەوەپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی.

هیوادارم ئەو کەسانەی لەو پێوەندییەدا لەگەڵم هاوبیرن، بۆ هێنانەبەرباس (پروبلێماتیزەکردن) و دەوڵەمەندکردنی ئەو پرسە بە تێبینیە بەنرخەکانیان، یارمەتیدەر بن.



# ڕیفۆرمخوازی له ئێران تاكتیك یان ستراتژی؟




جەمیل کۆلاهی

ڕۆژی دووشەممە ٧ی خەزەڵوەر خاتەمی لە کاناڵی تێلێگرامی "خاتەمی میدیا" وتی: ڕیفۆرمخوازەکان نیزامی کۆماری ئیسلامی و شۆڕشی ئیسلامییان قبووڵە و خوازیاری ڕیفۆرمی ناوخۆی نیزامن ئەگەر کۆمەڵگە ببینێت کە ڕیفۆرمخوازی بە شوێنی مەبەست ناگات، بەرەو کەسانێک دەڕوات کە خوازیاری ڕووخانی نیزامن! پرسیارگەلێک کە دێنە ئاراوە ئەوەن کە لە بنەمادا ڕیفۆرمخوازی چۆن سەری هەڵدا؟ ئایا ڕیفۆرمخوازی کە لە نێو بنیاتنەرانی ڕێژیمدا سەری هەڵدا لە ڕووی باوەڕ بە گۆڕانەوە بوو؟ ڕیفۆرمخوازی چ دەسکەتێکی هەبوو؟ ئایا خەڵک باوەڕی بە ڕیفۆرم ماوە؟ لە کۆتاییشدا دەتوانین بپرسین کە ئەم پڕۆژەیە لە کوردستاندا چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبووە؟

ئەوەیکە لە سەر ڕیفۆرمخوازی دەتوانین بیڵێین بە کورتی ئەوەیە کە شەڕی عێراق و ئێران تەواو ببوو و شتێک بە ناوی بەرەی شەڕی عێراق نەمابوو کە ڕای گشتی ئێرانی پێ بەلاڕێدا بچێ و هەموو نیگاکان بۆ نێو سنوورەکانی ئێران وەرسووڕابوون و لە سەر حکومەت چڕ ببوونەوە، حەشیمەتی ئێران حەشیمەتێکی جەوان بوو و داخوازیی نوێیان هەبوو، باری ئابووریی ئێرانی دوای شەڕ خراپ بوو و بێکاری هەر وەک هەمیشە بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتبوو، ڕێژیمی ئێران تیرۆرێکی یەکجار زۆری لە وڵاتانی دەرەوە کردبوو، زیندانیانی سیاسیی بە بێ ڕەحمانەترین شێوە لە سێدارە دابوو، ئازادییەکانی خەڵکی بە تەواوی بەرتەسک کردبوویەوە، دنیای دوو جەمسەری نەمابوو و بلۆکی سوسیالیستی لەبەریەک هەڵوەشابوویەوە، جیا لەوە مەسەلەی دادگای میکۆنۆس هەبوو کە بە بۆنەی مەحکووم بوونی ڕێژیم لەو دادگەیەدا، وڵاتانی ئۆرووپایی باڵوێزخانەکانیان لە ئێران داخستبوو.

لەم کاتەدا ڕێژیم پێویستی بە گۆڕینی سیمای خۆی هەبوو، بە شێوەیەک کە لە گەڵ ئەوەیکە سیمای ڕێژیمەکە بگۆڕدرێ و نەناسرێتەوە و لە هەمان کاتدا ڕێژیم لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ نەبێتەوە و سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ژێر دەمامکی ڕیفۆرم و وتووێژی تەمەدۆنەکان هەروا بەردەوام بێت! لێرەدا بوو کە ڕێژیم بۆ جوان کردنی سیمای خۆی بە شێوەی کۆنترۆڵکراو ئیزنی بە باڵێکی خۆی دا کە بێتە مەیدان. بەم شێوەیە ڕێژیم پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازیی دەست پێکرد تا دنیای دەرەوە چەواشە بکات و ناوخۆی ئێرانیش بەو پڕۆژەیەوە خەریک بکات و دەرفەتی ئەوەی هەبێ کە پایەکانی خۆی هێندەی تر قایمتر بکاتەوە. بۆ باشتر ناسینی ئەم پڕۆژەیە باشتر وایە پشتیوانانی ئەم پڕۆژەیە بە نموونە بێنینەوە؛ ئاخوند سادق خەڵخاڵی قاتڵی خەڵکی کوردستان، ئەکبەر گەنجی و سەعید حەجاریان کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە لە نێو سپای پاسداران و دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیم بوون لە کەسانی دیاری باڵی ڕیفۆرمخوازیی ئێران بوون. جیا لەو پشتیوانانە کاتێک خاتەمی وەک سەرۆکی ڕیفۆرمخوازان دەڵێ: "دێموکراسی غەیری دینی جیا لەوە کە لەم وڵاتە جێبەجێ نابێ، نامانەوێ، ئێمە خەڵکسالاری دینیمان دەوێ، ئەوانەی کە خوازیاری گۆڕانی یاسای بنەڕەتین چ گەرەنتییەک دەدەن کە نیزامێک بە پێی دێموکراسی ڕۆژئاوایی جێی بگرێتەوە، بە پشتوانەی کێ؟ خەڵک؟ کام خەڵک" دەردەکەوێ کە پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا تاکتیکێک بوو بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی نەک بۆ گۆڕانکاری لە یاسا و سیاسەتەکانی ڕێژیمدا. دیارە تاکتیکیش ماوەی هەیە و زوو بە سەر دەچێ، هەروەک بینیمان بە دوای خاتەمیدا توندئاژۆترین کەس، مەحموود ئەحمەدینەژاد، بوو بە سەرکۆماری ئێران! بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕیفۆرمخوازی هیچکات لە ئێران ستراتێژیی ڕێژیم بۆ گۆڕان نەبوو و نییە، چونکە ئەگەر ستراتێژی بوایات درێژەی هەبوو و بە ئەحمەدینژاد کۆتایی نەدەهات!

ئەساسەن ڕێژیمی ئێران ماهییەتەن بە هۆی بنەمای ئیدئۆلۆژیک، ئەویش ئیدئۆلۆژی مەزهەبی و بوونی ویلایەتی فەقیهی و هێزگەلێکی ئیدئۆلۆژیک بە ناو سپای پاسداران و بەسیج کە لە خزمەت دەزگای وەلی فەقێدان، ڕیفۆرمهەڵگر نییە! واتە ئیدئۆلۆژییەکە باسکی چەکداریشی هەیە و لە ئیدئۆلۆژییەکە پارێزگاری دەکات! بۆیە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هەموو ڕیفۆرمخوازان لە ئێران نەیانتوانیوە تەنانەت چوکترین یاساش بگۆڕن! چونکە ئەساسەن هەر وەک گوترا فەلسەفەی هاتنیان پڕۆژەیەکی ئەمنیەتی و تاکتیکی بوو و بڕیار نەبوو کە گۆڕانکاری بکەن. ڕیفۆرم لە ئیدئۆلۆژییەکدا کە لە سەر بنەمای دینی و مەزهەبییە ناکرێ. هەموو یاسای وڵات لە قورئان و حەدیسی پێغەمبەری ئیسلام و ئیمامانی شێعە سەرچاوەی گرتووە. هیچ کەس ناتوانێ ئایەتێکی قورئان بگۆڕێ، بۆ وێنە قەساس، فرە ژنی، جیهاد، مافی ژن کە نیوەی پیاوە، حیجاب... ئەمانە ئەگەر بگۆڕدرێن ئیتر ڕێژیمی ئێرانیش نامێنێ و شۆڕشێکە لە ئاستی ڕیفۆرمی دینی لە ئۆرووپا کە ئەمە شتێکی زۆر ئەستەمە، چونکە دینی ئیسلام و مەسیحی جیاوازییەکی یەکجار زۆریان پێکەوە هەیە. ئەگەر یاسای ئێران یاسایەکی زەمینی بوایەت، ئەوە دەکرا کە ڕیفۆرمهەڵگر بێت، بەڵام هەموو یاساکانی لە یاسای ئاسمانییەوە سەرچاوەیان گرتووە و نەگۆڕن بۆیە ڕیفۆرمخوازی جیا لە پڕۆژەیەکی ئەمنی بۆ مانەوەی ڕێژیم و تاکتیکێک بۆ بەلاڕێدابردنی دنیای دەرەوە و ناوخۆ نەبوو و نییە و هیچ داهاتوویەکیشی بۆ بەدی ناکرێ و خەڵکیش لە خۆپیشاندانەکاندا بە جوانی ئەوەیان دەرخست و هاواریان کرد: "اصلاح طلب، اصولگرا، دیگه تمومه ماجرا". واتە پڕۆژەی ڕیفۆرم لە ناو خەڵکیش کۆتایی پێ هاتووە. ئەوەی کە خاتەمی ترسی لێ هەیە و دەڵێ: ئەگەر پڕۆژەی ڕیفۆرم وەلا بنرێ "یا کودەتا دەکرێ یان شۆڕش دەکرێ"، خەریکە دێتە دی و ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێران گەیشتۆتە دواقوناخی خۆی و توانایی چارەسەریی ئەو هەموو قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەی نییە!

پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازی لە کوردستانیش وەک سەرانسەری ئێران وەک پڕۆژەیەکی ئەمنییەتی پەرەی پێدرا، بەڵام بە شێوازێکی دیکە! ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە گەڵ کێشەی کورد بەرەوڕوو بوو، ڕێژیم کە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەی سەخت ئامێری لە گەڵ کورد بەرەوڕوو بوو و بە فەرمانی جیهاد و هێرش بۆ سەر کوردستان و تیرۆری ڕێبەران نەیتوانیبوو کوردستان بە چۆکدا بێنێ و بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سەر داوا ڕەواکەی پێداگری دەکرد، ئەمجار ڕێژیم بە شێوەیەکی دیکە بۆ لەباربردنی بزووتنەوەی کورد هاتە مەیدانەوە! چونکە ڕێژیمی ئێران کە لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژی ئیسلامییە باوەڕی بە مافی نەتەوەیی نییە و بزووتنەوەی نەتەوەیی دژی ئۆممەتی واحیدەی ئیسلامی دەزانێ و وەک شتێکی ئەمنی سەیری بزووتنەوەکە دەکات. بۆیە پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازی وەک چەکێکی نەرمئامێری خستە خزمەت شەڕی تایبەت دژی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. پێویست بە ئاماژەیە کە ڕێژیمی ئێران ئەوکات بە هاوکاری هێندێک هێزی کوردی دۆستی خۆی، توانیبووی حزووری پێشمەرگە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات کۆتایی پێ بێنێ، بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات ئەوجۆرەی کە دەیویست لە باری زەینییەوە داگیر بکات! ڕێژیم بە هیوای دەستەمۆکردنی کورد و بزووتنەوەکەی، ئاڵتێرناتیڤسازکردن بۆ بزووتنەوەی کورد و دابڕاندنی کۆمەڵگەی کوردستان لە بزووتنەوە ڕەسەنەکەی لە کوردستان پەرەی بە ڕیفۆرمخوازیی کورد دا بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە داخوازی نەتەوەی کورد داخوازییەکی نەتەوەیی و سیاسی بوو و ئەو داخوازییانەی کە ڕیفۆرمخوازەکان دەیانهێنایە گۆڕێ لە چوارچێوەی ماددیدا بۆ وێنە قیرەتاو =کردنی فلان جادده و لانی زۆرەکەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی نیوە کوردی و نیوە فارسی تێنەدەپەڕین، ڕیفۆرمخوازی کورد تووشی شکست هات و ئێستا تەنیا وەک ماشینی کۆکردنەوەی دەنگن کە لە کاتی دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم سەر هەڵدەدەنەوە! هۆی شکستهێنانی ئەم پڕۆژە ئەمنییەی ڕێژیم لە بەرانبەر بزووتنەوەی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە و داخوازی بزووتنەوەی کورد.

حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و پێشڕەوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازیی ڕێژیم لەباری فەلسەفەی وجوودی و داخوازی و ئامانجەوە دوو شتی بە تەواوی لێک جیا بوون و هەن. حیزبی دێموکرات پڕۆژەی نەتەوەی کوردە کە بە دەستە بەتواناکان شەهید پێشەوا قازی محەممەد بۆ چارەسەریی کێشەی کورد هاتۆتە ئاراوە و ڕیفۆرمخوازی پڕۆژەیەکە بۆ دەربازبوونی ڕێژیم لە قەیران کە لە لایەن دەزگای سیخوڕی و ئەمنی ڕێژیمەوە هاتۆتە ئاراوە. ڕیفۆرمخواز باوەڕی بە یاسای بنەڕەتی ڕێژیم هەیە و هەموو چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدایە، دژی شەڕی چەکداری و پێشمەرگەیە و تەنانەت پڕۆژەیەکیشی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد پێ نییە و هەمان دیدی باڵەکەی دیکەی ڕێژیمیان بە نیسبەت کێشەی کوردەوە هەیە بەڵام حیزبی دێموکرات حیزبێکی چەکداری شۆڕشگێڕە کە هیچ باوەڕێکی بە یاسای بنەڕەتی ڕێژیم نییە و بە پێچەوانەی ڕیفۆرمخوازەکان حیزبێکی پێکهاتەشکێنە، چونکە حیزبی دێموکرات دروشمی ڕوخاندنی ڕێژیمی هەیە و دروشمە ئیستراتێژیکەکەشی جێبەجێ نابێ مەگەر ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران بڕوخێندرێ! کەوابوو لە نێوان ئەو پڕۆژە ئەمنییەی ڕێژیمی ئێران و حیزبی دێموکرات کە بۆ ئازادی و ڕزگاری کورد و کوردستان بنیات نراوە هیچ خاڵێکی هاوبەش نابیندرێ! لە باری لۆژیکیشەوە دوو شت کە هاوجنس نین پێکەوە کۆ نابنەوە، بۆ وێنە ئاو و ئاگر ناتوانرێ پێکەوە کۆ ببنەوە. بزووتنەوەی کورد و پڕۆژەی ڕیفۆرمخوازیی ڕێژیمیش وەها شێوەیەکیان هەیە و پێکەوە کۆ نابنەوە.

# داتەپینی نرخی تمەن و لێکەوتەکانی

**شەماڵ تەرغیبی**

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا و لە دوای خولی یەکەمی تەحریمەکانی ئامریکا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، بازاڕی ئەرز لە ئێراندا کۆمەڵێک گۆرانکاری هەستپێکراوی لە خۆی نیشان دا کە سەرەکیترینیان بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و سککە و هەروەها داتەپین و کەمبایەختربوونی نرخی دراوی ئێران واتە تمەن بوو( بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندیی ڕێژیم نرخی گەشەی خاڵ بە خاڵی نرخی دۆلار لە بازاڕی ئازاددا ڕێکۆردی مێژوویی ٢٦٠٪ی لە ڕەزبەری ئەمساڵ تۆمار کردووە کە لە مێژووی ئێراندا ئەم ڕێژە لە داتەپینی بایەخی دراو بێوێنە بووە.)




پاش ئەم ڕووداوە و شڵەژانی بازاڕ لە شارەکانی ئێراندا بەرپرسانی ڕێژیم هەوڵیان دا بە گرتنەبەری ڕێکارێکی سواو، فەزای زاڵ بگرنەوە دەست و کەشی نێو بازاڕ کۆنترۆڵ بکەن ئەویش بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بە لێشاوی ئەرزە بیانییەکانی وەک یۆرۆ و دۆلار.

ئەوان ویستییان بەم کارە بایەخی دراوی ئێران ڕابگرن و ڕێگری بکەن لە چوونە سەری نرخی ئەرز بەڵام ئەم ڕێکارە نالۆژیکییە نەتەنیا ناتوانێ ئامانجەکەیان بپێکێ بەڵکوو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک گرفتی نوێ کە بەشێکیان بەم شێوەیەن:

• بە سەقامگرتووکردنی نرخی ئەرز، لەحاڵێکدا کە بایەخی کاڵا و شتومەکە بەرهەمهاتووەکان لە نێوخۆ بەهۆی هەڵاوسانەوە زیادیان کردووە، نرخی کاڵا بیانییەکان کە تووشی هەڵاوسان نەبوون زیادیان نەکرد کەواتە هاوردەکردن و کڕینی بەرهەمە بیانییەکان بۆ بەکاربەری ئێرانی قازانجی زۆرترە لەو بەرهەمانەی کە لە ئێراندا دروووست دەکرێن؛ ئەمەش ڕێژەی قاچاخی کاڵا بیانییەکانی زیاتر کرد و کاڵا ئێرانییەکان بەرەبەرە لە بازاڕدا لە پەراویز خران.

• کەمبوونەوەی بازاڕی بەرهەمە ناوخۆییەکان بەرەبەرە بووە هۆی داخران یان نیوەداخراوبوونی یەکە بەرهەمهێنەرەکان و دەرکران و بێکار بوونی سەدان کەسی کرێکار و پێرسۆنێلی نێو یەکە بەرهەمهێنەرەکان؛ ڕێژەی بەرهەمهێنان لە ناوخۆ کەمی کرد کە ئەمە خۆی خەسارێکی جیددی بوو بۆ چەرخی ئابووریی ئێران.

• بە لاوازبوونی کەرتی بەرهەمهێنان، هۆکارە سەرەکییەکەی دابەزینی نرخ و بایەخی دراوی ئێران واتە "تزریق ارز" زیاتر هەست بە پێویست بوونی کرا، بۆیە لە قۆناخێکی دیکەشدا ڕێژیم بڕیاری دا ئەرزەکانی وەک دۆلار و یۆرۆ بخزێنێتە نێو بازاڕ کە ئەم کارە هێندەی دیکە ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لاوازتر کرد و مەیل بۆ کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمە دەرەکییەکانی زیاتر کرد هەڵبەت لەڕێگەی قاچاخەوە.

ئێستە پرسیارێک دێتە ئاراوە: سەرچاوە ئەرزییەکانی ئێران چەندەن و کۆماری ئیسلامی چەندە دەتوانێ لەسەر ئەم ڕێکارە مانۆڕ بدات؟ پڕئاشکرایە بەناو سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەهۆی "تزریق"ی دراوی بیانی بە بازاڕی ئەرز و بێ گەڕانەوە بۆ هۆکارەکانی دۆخی ئاماژەبۆکراو بوونەتە هۆی زیاتر دابەزینی نرخی تمەن؛ سەرچاوەکانی ئەرز بۆ کۆماری ئیسلامی کەم و سنووردارن و ڕێکاری "تزریق"ی ئەرز بە بازاڕ ناتوانێ درێژە بکێشێ و لەکۆتاییدا نرخی ئەرز کوتوپڕ و لەناکاو هەڵدەکشێ و بایەخی دراوی ئێران بەیەکجاری دادەتەپێت؛ داتەپینی بایەخی تمەنیش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە ئابووریی گەورە و نەمانی متمانەی گشتیی بە ئابووری؛ لە دواقۆناخیشدا کەرتی بەرهەمهێنان بەردەوام لاواز و لاوازتر دەبێت، هاوردە و قاچاخ و ڕانتخاری لە ئەرز پەرە دەستێنێ، سەرمایەدانەران چیدیکە ئامادە نابن سەرمایەکانیان لە ناوخۆدا سەرف بکەن و بەرەو دەرەوەی وڵات پەل دەهاوێن (سەرۆکی بانکی ناوەندیی ڕێژیم لە مانگی ڕەزبەردا بە ڕۆژنامەی همشهری ڕاگەیاند کە لە ماوەی ٣ مانگدا ١١ میلیارد دۆلار ئەرز بەهۆی هەناردەکردنەوە لە ئێران چووەتە دەرێ و نەگەڕاوەتەوە).

ئەمە دوورەدیمەن و بەرجەوەنی پاش بێنرخ بوونی دراوی ئێرانە لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی بایەخی ئەرزە بیانییەکان، بەڵام لە ئەگەری هاتنەئارای ئەم دۆخە کە بەرهەمهێنان تووشی مایەپووچی و شکستێکی لەم چەشنە دەبێت، چی ڕوو دەدات؟ بەهۆی هەڵاوسانی نێوخۆیی (بە وتەی حسەین ڕاغفەر لە نۆیەمین کۆنگرەی حیزبی ئیرادەی میللەت، نرخی هەڵاوسان لە مانگی ڕەزبەر ٥٠٪ بووە و پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ئەمساڵ سنووری ٩٠٪ تێپەڕێنێت کە ئەمە بەواتای هاتنی قاتوقڕی و شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی ستەملێکراوە.) و لە تەکانکەوتنی نرخی ئەرز بایەخی بەرهەمە نێوخۆییەکان لە دەرەوەی وڵات دادەبەزێ، لە ئاکامدا بەرهەمی ناوخۆیی نافرۆشرێت و لە هەناردن دەکەوێت، و بەهۆی لەدەستدانی بازار لە ئەنبار و کۆگاکاندا دەمێنێتەوە. بە نەمان یان کەمبوونەوەی ڕێژەی هەناردن ئاستی هاوردە چ بەشێوەی یاسایی و چ بەشێوەی قاچاخ زیاد دەکات و باڵانس و هاوسەنگی ئەم بەشەش تێک دەچێ. هاوکات بەهۆی کەمبوونەوە یان لاوازبوونەوەی بەرهەمهێنان،ماڵیات و باج کەمتر دەبێت و سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی دەوڵەت وشک دەبێت، کورتهێنانی بودجە زیاد دەکات و بەهۆیەوە نەخدینەیی گەشە دەکات کە ئەمەش بۆخۆی دەبێتە پاڵنەرێکی تر لەمەڕ کەمبوونەوەی زیاتری نرخی ئەرزی وڵات.

بەپێی دوایین ئامار و ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان کە لەلایەن خودی ناوەندە حکومەتییەکانەوە بڵاو کراوەتەوە ڕێژەی نەخدینەیی (نەخدینەیی بریتییە لە پارەی بێ پشتوانە کە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دێتە کایەوە) ئێران لە گەلاوێژی ئەمساڵ بریتی بووە لە ١٦٥٠ هەزار میلیارد تمەن کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی پاش شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق زیاتر لە ١١٠٠ قات زیادی کردووە؛ بە واتایەکی تر نێونجی نرخی گەشەی نەخدینەیی بەشێوەی ساڵانە ٢٧٪ بووە.

وەک دواوتە، لە پاش چەسپانی خولی نوێی تەحریمەکان ئەوەیکە پێشبینی بۆ دەکرێت بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

-داهاتەکانی دەوڵەت و خەڵک لە کەرتی خسووسی بەرێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت

-داهاتە ماڵیاتییەکان چ لە ڕێگەی بۆنگا زەبەلاحەکان و چ لە ڕێگەی بۆنگا بچووک و نێونجییەکانەوە کۆتاییان پێدێت یان زۆر کەم دەکات

-داهاتی فرۆشی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان بەرێژەیەکی بەرچاو کەم دەکات

-ڕێژەی داهات و ئاستی مەعیشەتی خەڵک تا ٤٠٪ی دیکە دادەتەپێ و قەیرانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی یەخەی کۆمەڵگای ئێران دادەدڕێت

-گەندەڵی ئابووریی لە بەرامبەر هەژاری و نایەکسانی دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی.

کۆی ئەم باس و خواستانەش یەک دەرەنجامان پێدەدات: "ئەرز سەری ڕێژیم دەخوات."

# لاوانی پسپۆری کورد
# قوربانیی تیغی پاکتاوی نژادیی دەسەڵاتی تارانن

**ڕاپۆرت**



سیاسەتی پاکتاوی نژادی کە ساڵانێکی دوور و درێژە دژ بە نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان گەلی کورد، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەچێت پسپۆڕان و خوێندەوارانی کوردی تووشی دۆخێکی نەشیاو کردووەتەوە.

لەمبارەوە دەرچوویەکی زانکۆ لە کوردستان لە وتووێژێکی کورتدا بۆ کوردستان میدیا وتی: "خوێندەوارانی باڵا و پسپۆڕانی کورد لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا، لە ئێران بە گشتی و لە تاران بە تایبەتی، لە گەڵ گرفتی هەڵاواردنێکی سیستماتیک ڕووبەڕوون کە لە جێگە و پێگەی ئەواندا نییە هەر بۆیە دەبێ لەمبارەوە ڕوانگەی نژادپەرەستانە و بەرتەسکی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ئێران لەقاو بدرێ و بۆ نەمانی ئەم نەخۆشییە ی کومەڵگای ئیران هەنگاوی جیددی هەڵبگیردرێ".

ئەم دەرچووەی زانکۆ کە بۆ خۆی لە شاری تاراندا دەژی و نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت دەڵێ: "لە درێژەی سیاسەتی هەڵاواردنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا بەشێکی زۆر لە لاوانی کورد کە بڕوانامەی لیسانس، فوق لیسانس و دوکتورایان هەیە، هەلی کاریان بۆ نارەخسێ و لە ئاکامدا یان ناچار بە تەرکی وڵات دەبن یان ڕوو لە تەڕەبار و شارەداری تاران دەکەن و خەریکی کاری کرێکارین".

ناوبراو دەڵێ: "بە داخەوە ئەمە پاکتاوێکی نژادی بە برنامەیە کە داوێنی زۆربەی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە. خوڵقاندنی فەزای بێ متمانەیی دەرحەق بە لاوانی کورد دیاردەیەکی نەشیاوە و پێویستە کە هەمووومان بە گوێرەی توانا و هەلومەرج بەرەنگاری ببینەوە. تا ئیستاشی لە گەڵ بێ هیچ کاربەدستێکی کورد لە جێگەی شیاوی خۆیدا نە کاری پێ دەسپێرن و نە متمانەی پێ دەکەن".

هەر لەمبارەوە هاووڵاتییەکی کوردی نیشتەجێی تارانمان دواند کە ئەویش بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی لە مەیدانی تەڕەباری تاراندا کار دەکات؛ ناوبراو دەڵێ: لە میدانی تەڕەباری تاراندا ژمارەیەکی بەرچاو کوردی لێیە کە خاوەنی بڕوانامەی کارناسی باڵان و شیاوی ئەوەن کە لە بواری توانا و پسپۆڕی خۆیاندا کاری گونجاویان پێ بدرێ؛ شیرکەتمان لە تاران هەیە کە شۆفیڕی لیفتراکەکەی بۆ راگواستنی بار، کوڕێکی خەڵکی جوانرۆیە کە فوق لیسانسی حقوقی هەیە و لە ناچاریدا ڕووی لەم کارە کردووە، هەر لەوێ لە بەشی بەرهەمهێناندا چەند کرێکاری سادەی کوردی لێیە کە لیسانسیان هەیە. "

یەکێک لەو کرێکارانەی کە لە شاری تاران و لە یەکێک لە شارەدارییەکانی ئەم شارە کاری گسکلێدان دەکات هاووڵاتییەکی کوردستانە کە هەڵگری بڕوانامەی فوقلیسانس لە بواری کۆمەلناسییە؛ ناوبراو بەمشێوەیە تێڕوانینی خۆی بۆ دۆخی ئابووریی کوردستان و کاریگەرییەکانی دەربڕی: "بارودۆخی خراپی ئابووریی خەڵکی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ توندوتیژی کۆمەڵایەتی کە لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا بەردەوام ڕووی لە زیادبوونە؛ بێکاری و بێ دەرەتانی ژیان، گوزەرانی خەڵکی کوردستان ڕۆژ لە گەڵ رۆژ بەرەو ئاقارێکی ناخۆش و نادیار دەبات، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نرخی شتومەک و کاڵاکان بە شێوەی پلیکانی بەردەوام لە هەڵکشاندایە؛ سەرەڕای هەمووی ئەمانە تەعرفەی ئاو، برق، گاز و تەلەفوون لە لایەن حکومەتەوە بێ لەبەرچاو گرتنی وەزعی مەوجود زیاد دەکرێ.

سەبارەت بە گرانی هەوساریچڕاوی زاڵ بەسەر کوردستانیش دەڵێ: "ئەو گرانییە بە جۆرێکە کە خەڵک توانای پەرداخت کردنی فیشەکانی ئاو و برق و گاز و تەلەفوونیان کەم دەبێتەوە، بەجۆرێک کە زۆربەی بنەماڵەکان بە چەند ڕۆژ دواکەوتن پارەی ئەو ئینشعابانە دەدەن".

سەبارەت بەم دۆخە هاوولاتییەکی شاری سەقزیش بە کوردستان میدیای ڕاگەیاند: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئیدارەی گاز و ئیدارەی برق لە شاری سەقز بە بۆنەی قەرزداری خاوەن ئینشعابەکانەوە کۆنتۆڕی گازەکانیان لە خەڵک سەندووەتەوە یان هەر بەم هۆکارە برقی زۆر خانویان لە شاری سەقز قەتع کردووە. هەر ئەمەش وای کردووە کە حاڵەتگەلی توندوتیژی و بێڕێزی کردن بە بەرپرسانی ئیدارەی برق و گازی سەقز بەردەوام ڕووی لە زیاد بوونە و کەمتر ڕۆژێک هەیە کە ڕەئیسی ئەو ئیدارانە نەکەونە بەر ڕەهێڵەی قسەی ناخۆش و توندی خەڵکی وەزاڵەهاتوو .

بە گوێرەی ئەو زانیارانەی کە دەست ماڵپەری کوردستان میدیا کەوتووە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەخشنامەی تایبەت لەلایەن پارێزگاری سنەوە دەرکراوە کە تێیدا بە سەرۆکی ئیدارەکان وتراوە لە بەرانبەر نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکدا هەتا دەتوانن پشوودرێژ بن و خۆیان لە کردەوەی هاوشێوە بە دوور بگرن.

**سەرچاوە: کوردستان میدیا**

# سزا ئابوورییەکانی ئامریکا و داهاتووی ئێران



## کاروان

یەکێک لە درووشمە هەرە زەق و بەرچاوەکانی دانڵد ترامپ لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئامریکا لە ساڵی ۲۰۱٦دا ، هاتنەدەر لە "بەرجام" و وەگەڕخستنەوەی سزا ئابوورییەکان بە دژی ئێران بوو. ترامپ هاوکات کۆمەڵە مەرجێکی زۆر قورسیشی بۆ دانیشتن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی وتوویژ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنامەیەکی نوێ دیاری کرد . مەرجەکانی ترامپ تەنیا کەرتی ناوکی و ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆمی نەدەگرتەوە، بەڵکوو دەتوانین بڵێین چوارچێوەیەکی زۆر بەرینی وەک سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم، پێوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ گروپە تێرۆریستییەکانی ناوچەکە، مافی مرۆڤ، چالاکییە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران و بە تایبەتی دەستێوەردانەکانی سپای قودس لە وڵاتانی ناوچەکەشی دەگرتەوە. هەر ئەوکات (ساڵی۲۰۱٦ز.) و بە هۆی دانانی ئەو مەرجە قورسانەوە بوو کە زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سیاسی و سیاسەتمەدارانی جیهانی، داواکانی ترامپیان تەنیا بە دروشمێکی کاتی و بەمەبەستی کاریگەریدانان لەسەر ڕای خەڵکی ئامریکا بۆ ڕاکێشان و بردنەوەی دەنگەکانیان دوای بردنەوەی دەنگەکان و گەیشتنی بە کورسیی سەرکۆماری پێناسە دەکرد بەڵام ئەو هەر زۆر زوو بە هەموو جیهانی نیشان دا کە سیاسەتمەدارێکی جیاوازە (!) . ترامپ بەر لەوەیکە پیاوێکی سیاسی بێت بازرگانێکی سەرکەوتوو و بیزنێسمەنێکی بە ئەزموونە، بۆیە ئەو نەک سەرۆکێکی سیاسی بەڵکوو زیاتر مودیرێکی پراگماتیکە. هۆکاری زنجیرە ئاڵوگۆڕە لەناکاوەکانی کۆشکی سپیش هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەوە بووە. مودیرێکی سەرکەوتوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و بە کردەوەیی کردنی درووشمەکانی، ئاڵوگۆڕ کردنی مۆرەکان بە مەبەستی یەکدەست کردنی تیمی مودیرییەت، بە باشترین ڕێگاچارە دەزانێ. ئەگەر ئێمە لەو ڕوانگەوە سەیری تیمی کاریی ئێستای کۆشکی سپی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ترامپ چۆن و بۆ چ مەبەستێک کەسانێکی وەک جان بۆڵتۆن، مایک پۆمپێئۆ، جەیمز مەتیس و ... وەک کاراترین ئەندامانی ئەو تیمە دیاری کردووە . بێگومان دیاریکردنی ئەو کەسایەتییانە کە بە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران هەم بەناوبانگ و هەم بە ئەزموونن، نیشانەی سووربونی کۆشکی سپی بۆ بەچۆکداهێنانی ئەو ڕێژیمەیە . چەکی ئابووری تەنیا سیلاحی ئامریکا نییە، بەڵام ڕەنگە کاراترین و کەم تێچووترین ڕێگە و چەک بێت کە بتوانێ بە ئاسانی ڕێژیمی ئێران ناچار بە پاشەکشە و تەنانەت لەناوچوونیش بکات. سزا ئابوورییەکانی ئەم جارە هەموو جومگە کاراکانی ڕێژیمی ئێران دەگرێتەوە و بێگومان دەتوانێ لە ماوە زەمەنێکی نە زۆر دووردا ئەو ڕێژیمە قەیراناوییە تووشی قەیرانی قووڵتر بکاتەوە. ڕاستە کە سزاکان ئابوورین، بەڵام تەنیا کاریگەرییان لەسەر کەرتە ئابوورییەکان نییە و بەڵکوو کاریگەری نەرێنیی ڕاستەوخۆیان لەسەر سیاسەتی ئێران بە گشتی و سیاسەت و پێوەندییە ناوچەیی و جیهانییەکانی ڕێژیم بە تایبەتی و لەویش گرینگتر لەسەر کۆمەڵگای ئێران هەیە. گومان لەوەدا نییە ڕێژیمێک کە نوقمی قەیرانە جۆراوجۆرەکانە، ناتوانێ لە وەها بارودۆخێکدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەوام بێنێ .

لێرەدا چەند پرسیارێکی گرینگ بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی دێنە ئاراوە کە پێویستە بە ڕوونی وڵام بدرێنەوە و ئەگەر ئەرکێکیش هەبێ، دیاری بکرێت

ئایا ئامانجی ستراتژیکی کۆشکی سپی ڕووخانی ڕێژیمی ئێرانە یان تەنیا ملکەچ کردنی ئەو ڕێژیمەیە بەرانبەر بە داواکانی خۆی؟

ئایا ڕێژیمی ئێران نەرمی و ئینعیتافی ئەوەی هەیە کە بتوانێ لە سەر داواکانی ئامریکا لەگەڵ ئەو وڵاتە سازش بکات یان نا؟

ڕۆڵ و ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی و حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، لەوها بارودۆخێکدا چییە و ئایا هیچ چەشنە ئامادەکارییەک بۆ ئەو مەبەستە کراوە؟

لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ئێراندا، و نایەکگرتوویی خەڵک و حیزبە چارەنووسی ئێمەی کورد بە کوێ دەگات ؟ و .... ؟

ئامانجی ئامریکا لە سزا ئابوورییەکانی لە دژی ئێران، چ ڕووخانی ڕێژیم یان ملکەچ کردنی ئاخوندەکان بۆ قەبووڵی داواکانی ئەو وڵاتە بێت، دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بە شێوەیەک نوقمی قەیرانەکان بکات کە دەرچوونی مومکین نەبێت؛ بۆیە لە هەر دوو حاڵەتدا دەکرێ چاوەڕوانی ڕووداو و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بین .

بەرپرسانی ڕێژیم کە لە هاڕوفیش و بلۆف کردندا بێ ڕکابەرن، ڕەنگە دوای ماوەیەک ناچار بە سازش کردن لەگەڵ ئامریکا بن، بەڵام بە بوونی ئەو مەرجانەی کە کۆشکی سپی دیاری کردوون سازش کردن و خواردنی "جامی ژەهرێکی" دیکەش ناتوانێ ئەوان لە ڕووخان دەرباز بکات. بوون و مانەوەی ڕێژیم پەیوەستە بەو مەرجانەوە و تەنانەت ئەگەر نیوەی ئەو مەرجانەش سازشیان لەسەر بکرێت، دیسانیش ڕووخان و لەناوچوونی ئەو ڕێژیمە مسۆگەرە. ئەو ڕێژیمە و پێکهاتە سیاسییەکەی ئیتر توانایی کۆنترۆڵی کۆمەڵگا و خەڵکی ئەو وڵاتەیان نەماوە.

لە ساڵی ١٣٩٦ ک. ه. و لەکاتی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکانی شارەکانی ئێران ئەو ڕاستییە بۆ هەموومان دەرکەوت کە ڕێژیم لە ڕووی ناچاری و بێ دەرەتانی، نەتەنیا هەوڵی سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکانی خەڵکیان نەدا بەڵکوو تا ڕادەیەک شەرعییەت و ڕەواییشی پێدا. هەوڵی ڕێژیم بۆ بە یاسایی کردنی خۆپیشاندانی خەڵک، لە ئاکامی دێموکرات بوونی ئەو ڕێژیمەوە نییە، بەڵکوو لە نەتیجەی لاوازی و کزبوونی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەوەیە. ئەوەی تا ئێستا بۆتە هۆکاری مانەوەی ڕێژیم، ڕەوایی و بەهێزیی ئەوان نییە بەڵکوو لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و نایەکگرتوویی خەڵک و حیزبە دژبەرەکانی ئەوانە .

پێکهاتنی هاوئاهەنگی و ڕێککەوتنی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لەسەر پلاتفۆڕمێکی دیاریکراو کە ماف و داواکانی هەموو خەڵکی ئێران لە خۆ بگرێ، ئەرکی سەرەکیی ئێستای ئەو حیزبانەیە. لە کاتێکدا کە درزی نێوان خەڵک و ڕێژیم لەوپەڕی خۆیدایە و ئیتر ئاخوندەکان تێگەیشتون کە بە ئامرازگەلێکی کۆنی وەک دامەزراوە حکومییەکان، ئایدئۆلۆژیای کۆنەپەرستانە، هێزی چەکداری سەرکوتکار و میدیاکانییان چیدیکە ناتوانن خەڵک سەرکوت بکەن و بترسێنن، غیابی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆڵنەگێڕانییان بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیم، لە لای خەڵک نەک هەر قەبوڵ نییە بەڵکوو شیاوی لێبوردنیش نییە.

هەر لەو پێوەندیەشدا ئەرک و بەرپرسیارەتیی حیزبە کوردییەکان چەند قات دەبێتەوە؛ لەدەست نەدانی دەرفەت و بە فیڕۆنەدانی هەلەکان چاوەڕوانییەکەی ڕەوایە کە لەو حیزبانە دەکرێ، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، سوور بوون و پێداگری لەسەر مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، بەهێزترکردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، وریاکردنەوە و ڕێنوێنی پێدانی پێویست بە خەڵکی کوردستان، چڕکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ حیزبە غەیرە فارسەکان و .... ، ئەرکی سەرەکیی ئێستای ئەو حیزبانەیە. لە ئەگەری هاتنە ئارای هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا، پێویستە ڕۆڵ و هێزی کورد تیایدا بەرچاو بێت. وریا نەبوون و نایەکگرتوویی حیزبە کوردییەکان ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی دەرفەتەکان و ژیری و یەکگرتوویی ئەو حیزبانەش بێ گومان دەتوانێ داهاتوویەکی گەش و ڕوون بۆ کورد و کوردستان مسۆگەر بکات.

# دۆخی ژیان لە کوردستان



## ئا: جاقل

وێرانیی ئابووریی لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دۆخی ژیانی بۆ هاووڵاتییان سەخت و ئەستەم کردووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ناهومێدی لە ژیان باڵ بەسەر خەڵکدا دەکێشێت؛ لەمبارەوە هەوڵمان داوە بەشێوەی مەیدانی ڕاپۆرتێک لەسەر دۆخی ژیان لە کوردستان ئامادە بکەین کە پوختەکەی بەم چەشنەیە:

هاووڵاتییەکی کوردستان سەبارەت بە دۆخی ئابووریی لە شارەکانی کوردستان دەڵێ: لە ماوەی پازدە ڕۆژی ڕابردوودا وێرانی ئابووریی ئێران هەر درێژەی هەبوو . هیچ پلانێک کە پیشان بدات کاربەدەستانی ڕێژیم لە بیری چارەسەر کردنی بارودۆخی خراپی ئابووریدان بەرچاو نەکەوتووە .

دەشڵێت: هەڵکشانی نرخەکان لەم پازدە ڕۆژەدا نەرم و کەم دەنگتر لە پازدە ڕۆژی پێشووتر بوو؛ واتە کۆمەڵگا ئەو حەساسیەتە زەق و توندەیان بە دیاردەی گرانی وەک پێشتر نەماوە . کۆمەڵانی خەڵک پشتیان لەژێر باری گرانی و بێکاری شکاوە و ناهومێدی و بێ هیوایی لە داهاتوو خەڵکی دەوڵەمەند و هەژاری گرتووەتەوە.

مامۆستایەکی قوتابخانەکانی یەکێک لە شارەکانی کوردستانیش بەمشێوەیە ڕای خۆی بۆمان دەربڕی و وتی: هەر کەس بە گوێرەی عەقڵ و زانستی خۆی مێشکی دەرگیری لێکدانەوەی ڕووداوەکانە و هەوڵ دەدەن بە جورێک خۆیان لە ڕووداوە مەترسیدارەکانی داهاتوو کە لە بێ کیفایەتی و گەندڵی ئاخوندەکانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت، بدزنەوە؛ هەندێ کەس خۆیان دەکوژن، هەندێکیش ئێران بەجێ دێڵن، کەسانێک دراوەکانیان دەگۆڕنەوە بە دۆلار، کەسانێک لە هەوڵی کۆکردنەوەی سەرمایە پرش و بڵاوەکانیاندان و بێدەسەڵاتەکانیش جوێن بە ڕێژیم دەدەن و تاد .

هەر لەمبارەوە و سەبارەت بە نرخی پێداویستییەکانی خەڵک دووکانداڕێکمان دواند کە پێی وتین: لەم پازدە ڕۆژەدا برنجی هێندی دە کیلۆیی لە ۷۲۰۰۰ تمەنەوە بوو بە ۸۵۰۰۰ تمەن، نانی لەواش لە ١٦٥ تمەنەوە بوو بە ۲۰۰ تمەن، سەنگەکی ۷۰۰ تمەنی بوو بە ۱۰۰۰ تمەن و سەنگەکی ۱۰۰۰ تمەنی بۆ ۱۳۰۰ یان ۱۵۰۰ تمەن گران کرا؛ خراپی مادە خۆراکییەکان و ناڕاحەتیە ڕۆحی و ڕوانییەکان بوونەتە هۆکاری زۆر نەخۆشینی جەستەیی کە نەخۆشینەکانی مەعدە و ڕودە و دڵ بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشییانە پێک دەهێنن .

لەکاتی بەدواداچوونەکەمان سەردانی مەتەبی یەکێک لە پزیشکەکانمان کرد؛ هاووڵاتییەک کە بۆ چارەسەری سەردانی ئەم نۆڕینگەی کردبوو پێی وتین: "دوکتورەکان بە ئاشکرا بە نەخۆشەکان دەڵێن کە داروە ئێرانییەکان زۆر زۆر بێ کەیفییەتن و خواردنی ئەو دەرمانانە جگە لەوە نەخۆشینەکان چاک ناکەنەوە دەبێتە هۆی زۆر نەخۆشین و لێکەوتەی خراپی بۆ مرۆڤ هەیە؛ ئەمەش لەکاتێکدایە کە کڕینی دەرمانی خارجی بە دۆلاری ۱٤۰۰۰ تمەنی لە توانای هەموو کەسدا نییە و تەنانەت زۆر جار بەو پارە زۆر و زەمەندەش دەرمانی بیانی دەست ناکەوێت".

سەبارەت بە خزمەتگوزارییە حکومەتییەکانیش دەکرێ بڵێین لە هەموو شارەکاندا نیزیک بە سفرە، بۆ نموونە لە شاری سەقز پڕۆژەی کەمەربەندی سەقز- بۆکان هەر بە ناتەواوی هەڵپەسێردراوە. سەقز تەنیا دوو نەخۆشخانەی لە حاڵی کاری هەی کە بە هۆی گرانی لەڕادەبەدەر تەنیا نەخۆشگەلێک دەتوانن بچنە نەخۆشخانەی "تەئمین ئیجتماعی" کە خاوەنی دەفتەرچەی بیمەی ئەو سازمانە بن . بەشی زۆری خەڵک ناچارن ڕوو بکەنە نەخۆشخانەی خومەینی کە ئەم نەخۆشخانە لە باری مەوقعییەتی جوغرافیەوە لە شوێنێکی پڕ لە ترافیک هەڵکەوتووە کە هاتوچۆکردن بۆ ئەوێ لە ئێستای سەقزدا کارێکی پڕ زەحمەتە .

لەمبارەوە یەکێک لە کارمەندانی نەخۆشخانەمان دواند کە پیی وتین: "بینای بیمارستانەکە کۆنە و بەرپرسانی حکومەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕی بیناکە هەر تاوناتاوێ لە حەوشە و سەربان و ژێرزەوی و کونج و کەلەبەرەکانی ئەم نەخۆشخانەدا دەست دەدەنە ساخت و سازێکی غەیری ئوسولی و هەر ئەمەش کارێکی کردووە بەردەوام ناو موحیتی بیمارستان پڕ بێت لە خۆڵ و خاک و هەر ماوەیێک بەشێک لە بەشە ئیدارییەکان لە گۆشە و کەنارێکی شپرزەوە دابمەزرێتەوە . بۆگەن و پیس و چەپەڵی نەخۆشخانەی خومەینی سەقز لە خیابانەکانی نیزیک بە بیمارستانیشەوە هەستی پێدەکرێت . خەڵک هەمیشە دەڵێن نەخۆشخانەی خومەینی ئەوەندە پیسە کە ئەگەر بە ساغیش بچیتە ناوی بە نەخۆشین لێیدەگەڕێتەوە .

ئەم کارمەندەی نەخۆشخانەی خومەینی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "لەم پازدە ڕۆژەدا بەشێکی دەزگاکانی ئازمایش لەم بیمارستانانە لە کار کەوتوون و بەشێکی ئازمایشی نەخۆشینەکان بە شێوەی قەدیم و بە دەستی دەگیرێن. ئەو کەلوپەلانەی کە لەم یەک دوو مانگەی ڕابردوودا بۆمان هاتووە زۆر زۆر بێ کەیفییەتن، ئێعترازمان کردووە ، لە وڵامماندا وتوویانە بە هۆی تەحریمەوە کاڵای باش نییە و مەجبورین هەر لەم کاڵایانە کەڵک وەرگرین .

لاوێکی شاری سەقزیش تێڕوانینی خۆی بۆ دۆخی ژیان لەم شارەی کوردستان بەمشێوەیە دەربڕی: "ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ڕواڵەتی شار ڕوخاوتر و ناشادتر دەردەکەوێ؛ ماشینەکان بەردەوام کۆن و شکستەتر دەبن، بە هۆی گرانی وەسایلی ماشینەوە خەڵک هەر لەگەڵ ماشینە کۆن و شکاوەکاندا مودارا دەکەن . بینا و ساختمانی نوێ بە دەگمەن دروست دەبێ و وەک ئەوە وایە شار هەر جلە کۆنەکانی پار و پێراری لە بەر کردبێ . هێشتا مانگێک لە ساڵی خوێندن تێپەڕ بووە کەچی مامۆستایانی قوتابخانە و بنەماڵەکان بە شێوەی هاوبەش دەنگیان لێ بەرز بووەتەوە؛ گرانی کەلوپەلەکانی خوێندن و ناتەوانی بنەماڵەکان لە دابینکردنی ئەو شتانە بۆ منداڵەکانیان، مامۆستایانیشی تووشی گرفتی ڕۆحی و مەعنەوی کردووە . مامۆستایانی قوتابخانە کە توێژێکی زۆر زەحمەتکێشن کەمترین داهاتیان هەیە و خۆیان لە گەڵ دەیان گرفتی ژیان ڕووبەڕوون . لە شارەکانی کوردستاندا بێکاری بێداد دەکات. ئەم هەلاوسانە ئابوورییە خەڵکێکی زۆری لەگەڵ گرفتی ژیان ڕووبەڕوو کردووە ".

بەکورتی لە ماوەی پازدە ڕۆژی ڕابردوودا هیچ شتێک هەرزان نەبووە و هەر وەک لە سەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکرا هیچ خاڵێکی ئابووریی باش کە قازانجی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی تێدا بێت بەدی نەکراوە .

# لە چەقبەستوویی مەزهەبییەوە هەتا خانووە کاولەکانی زەهاو

ن: شارام میرزایی
و: کۆچەر

فەرهەنگی کوردەکان لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتیدا و لە ناخی خۆیدا جۆرێک "ژێنی کرداریی" لە هەمبەر چەقبەستوویی و دوگماتیزمی بار هێناوە. جۆرێ لە کرداری نەزانستە و گەشەکردوو لە ڕەوتی مێژوودا، هەتا ئەم نەتەوە داگیرکراوە بتوانێت لە زونگاوی سەدان پیلانی ئامانجدار بۆ فەوتان و سڕینەوەی لەسەر گۆی زەوی خۆی دەرباز بکات.

کرداریێ کە ڕەنگە لە بەرزترین ئاستی کرداری و ئاشکرا، نەزانستە بەرچاو بکەوێت، بەڵام سیستمی بەرگریی کوردەکان لە ماوەی سەدان ساڵدا بۆ مانەوەی خۆ، جۆرێ دارێژراوە کە لە هەموو هەلومەرجێکی قەیرانیدا بکرێت ڕێگەیەک بۆ ڕزگاریی میلیۆنها کەسانێک بێت کە هەزاران ساڵە لە مافی هەبوونی ژیانێکی مرۆڤانە بێبەشن.

کوردەکان هەر لە پۆشینی جلوبەرگەوە بگرە هەتا هەڵپەڕکێی کۆنەستی و سترانبێژییەکان و سازە مێژووییەکان، نەک تەنیا بۆ خۆدەرخستنی بوونی نەتەوەییان لەهەمبەر ئیترەکان کەڵک وەردەگرن، بەڵکوو بەبێ ئەوەی ئاگادار بن، فەرهەنگی کۆمەڵایەتییان پێکەنینێکی مەزنە لە بەرانبەر هەر جۆرە چەقبەستوویی و دوگماتیزمێکی مەزهەبی. چەقبەستووییەک کە سەدان ساڵە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی لە زەنگاو و گەناودا نوقم کردووە. لەم ڕاستایەدا دەکرێت سەرەتای دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهـ بەسەر ئێران لە سەدەی بیستەمدا و هاتنە ئارای پێناسەیەکی نوێ لە ئیسلامی سیاسی لە لایەن خومەینی و ڕێڕەوەکانی، کە لە ساڵی ۱۳۵۷دا دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە، وەکوو بەرچاوترین و پەتیترین قەوارەی چەقبەستوویی مەزهەبی لە ڕەوتی مێژوودا ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ڕێژیمێک کە وەکوو ئۆختاپوس باڵی بەسەر بیر و جەستەی بەشێکی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کێشاوە و بنەما فیکرییە دژە مرۆییەکانی لە جیهاندا بڵاو کردووەتەوە، هەتا جیهان ساڵانێک پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمە، شایەتی جووڵەی پاشماوە فیکرییەکانی ئەم ڕیشە گەندەڵیی و چەقبەستووییەیە.

بەم بۆنەوە بوو کە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامیی ئێران، تەنیا چەند ڕۆژ پاش هاتنە سەر کاری، شارەکانی کوردستانی کردە ئامانجی دڕندەیی و هێرشە توندوتیژەکانی خۆی. نەتەوەیەک کە تەنیابوونیان گاڵتەیەک بە سەرەڕۆیی و چەقبەستوویی ئایینیە، مەحکووم بە کوشتن و نەمانە و ئەمە حوکمێکە کە لە فتواکانی خومەینی بە دژی کورد دەبینرێت.

ئێستە کە ڕێکردنی ئێمە "خەوی نێوەڕۆوانی دێوەزمە"ی شڵەژاندووە، نابێ سەرسام بین کە بۆچی ئاخوند قادر قادری جێژنە مێژووییەکانی هەنار بە حەرام و هۆکاری لەرزۆک کردنی بنەماکانی ئیسلام بزانێت. ئەو جێژنانەی کە ڕیشەیان لە قووڵایی مێژووی کوردستان و فەلسەفەی ژیانی خەڵکی ئەم خاکەدا هەیە و پاش دەیان جاری دیکە لە لایەن هەر ئەو خەڵکەوە بووژانەوە. خەڵکێک کە لە فەلسەفەی کرداری و فەرهەنگی خۆیان تێگەیشتوون و وەکوو ئامرازێکی بەرگریی سەرەڕای هەبوونی پێکهاتەیەکی فاشیستی ـ مەزهەبیی ئێران کەڵک وەردەگرن، هەتا دێوەزمەی کۆنەساڵ بە ئاسوودەیی خەوی لێ نەکەوێت.

ئاخوند قادر قادری، کە لە کوردستاندا وێنایەک لە سەرەڕۆیی ئیسلامیی ئێرانە، لە وتەکانی نوێژی هەینیی پاوەدا ڕوو لە خەڵکی کورد کە پێداویستی و دەسپێکی جێژنەکانی هەناریان ئامادە دەکرد، وتی: "لە جێژنی شوکرانەبژێریی هەنار، ئەگەر بڕیارە شوکری خوای بە جێ بێنرێت، پێویست بە ژنانی نێوەڕووت و هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک ناکات. ئەگەر بە دوای هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکەوەن بۆ ئەو کارە شوێن زۆرە. ئەوەی کە ئەم ئاخوند یە بە نیوەڕووتی دەزانێ، واتە دیاربوونی قژ و دەستی ژنان و جۆری دوورینی جلی ژنان، لە ڕاستیدا لە فەرهەنگی ئێمەی کورد سەرچاوەی گرتووە و هێماگەلێکن کە باس لە ئازادیی کردەیی ژن لە کوردستان دەکەن و خاوەنڕا بوون ئەوە لە چۆنیەتی جۆری کرداری، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەم ئاخوند یە لە نیوەڕووتبوون جلی ژنانەی کوردییە، کە بەرهەمی زەین و وێناکردنەکانی ژنی کوردە، نەک تەنیا نیوەڕووت نییە، بەڵکوو هێمایەکی ئاشکرا لە خاوەن دەسەڵاتبوونی بیری ژنانە لە کۆمەڵگای کوردستان، کە بەداخەوە چەقبەستووە مەزهەبییەکانی هەر ڕۆژە لە ئاستی ئەو کەم دەکەنەوە.

لە حاڵێکدا ئاخوند قادر قادری و زۆربەی بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەمبەر بەڕێوەچوونی ئەم جێژنە دەستیان بە سووکایەتی و بێڕێزیکردن کردووە و هەڵوێستیان لە بەرانبەری گرتووە و بە دژایەتی لەگەڵ دین و خوداوە لە قەڵەمی دەدەن، کە بەپێی لێدوانەکانی هۆشەنگی بازوەند، پارێزگاری کرماشان پاش نزیک بە ساڵێک لە دوای ڕووداوی بوومەلەرزەکەی کرماشان، وەزارەتی ڕێگاوبان و شارسازی، هەتا ئێستە تەنانەت نەیانتوانیوە بەرەکەیەک خانووە بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی سەرپێڵی زەهاو ساز بکەن.

ئێستە بە سەرەنجدان بە وەها دۆخێک و تێپەڕینی زیاتر لە یەکساڵ لە کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان کە سەدان کەس ئاوارە و بێپەنا بوون، بۆچی ئاخوندەکان، هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان بە دژی کەمتەرخەمیی ڕێژیم لە پێوەندیی ئەو خەڵکە نەگرتووە؟!

بۆچی هەتا ئێستە هۆشدارییان بە ڕێکخراوە حکوومەتییەکان نەداوە، کە بۆچی بە هانای خەڵکەوە نەڕۆیشتوون؟ بۆچی "هیهات من الظلە" ناکەن، کە لەبەرچی شوێنێک وەکوو کرماشان کە لەسەر دەریایەک لە نەوت، گاز، ئاو و سەرچاوە ژێرزەوییەکانە، دەبێ خەڵکە داخدارەکەی کاسەی سواڵی بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان بەدەستەوە بگرن؟

سەرتیپی پاسدار، حەسەن شاتری، ناسراو بە حیسام خۆشنوویس، سەرۆکی بونیاتی نۆژەنکردنەوەی باشووری لوبنان ساڵانێ پێش و لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو، کە توانیویە پاش شەڕی ۳۳ ڕۆژەی لوبنان، لە ٤٥ ڕۆژدا، ٤٥ قوتابخانە نۆژەن بکاتەوە، هەتا قوتابییانی لوبنان لە خوێندن وەدوا نەکەون. ئەمە لە حاڵێکدایە، کە لە لە خەرمانانی ئەمساڵەوە و بە تێپەڕبوونی لانیکەم دە مانگ لە ڕوودانی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان، فەرهاد تەجەری، نوێنەری ڕێژیم لە مەجلیس، ئاشکرای کرد، کە "قوتابخانەکانی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوان، هەتا ئێستە نۆژەن نەکراونەتەوە و بۆ مانگی سەرماوەزی ئەمساڵیش ئامادە نابن". بەڵام ئەوپەڕی نالەباریی دۆخی زاڵ بەسەر ژیانی سەدان هەزار کورد لەو ناوچەیە کاتێ دەردەکەوێت، کە سەرۆکی شۆڕای شاری سەرپێڵی زەهاو ڕایگەیاند، "خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو بۆ ئەوەی بتوانن خانووە کاولبووەکانی خۆیان نۆژەن بکەنەوە، دەستیان بە فرۆشی گورچیلەکانی خۆیان کردووە".

لە وەها هەلومەرجێکدا کە فاشیزمی مەزهەبیی زاڵ بەسەر ئێران بە هەموو هێزی خۆیەوە لە هەموو پێشهاتەکان کەڵک وەردەگرێت، هەتا بونیاتی هەبوون و مانیی کورد لە نێو ببات، مەگەر ئێمە بێجگە لە خەبات و شڵەژاندنی بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی بوونی دیکتاتۆر کارێکی تر دەتوانین بکەین. لێرەیە کە خەباتی کورد لە هەموو فۆرمێک و لە هەموو ڕەهەندە زانستە و نەزانستەکانییەوە واتا وەخۆ دەگرێت، خەباتێک بۆ بەدەستهێنانی خەونی نەتەوەیەک، خەونی ژیانێکی سەربەخۆ.

بۆیە خەڵکی دەوروبەری کرماشان سەرەڕای هەموو تاڵی و ئازارێک کە لە ژیانیاندا هەیە، جێژنی هەنار لە بیر ناکەن و لە تەنیشت خانووە کاولکراوەکانی زەهاو بە جلی ڕەنگاڵە کۆنەستییەوە و بە چاوانێ کە باس لە داهاتوو دەکەن، بزە لەسەر لێو، بە سەوتەی هەنار بەدەستەوە دەسووڕێنەوە و بە هەڵپەڕکێ ئەفسانەییان خەوی دێوەزمە دەشڵەژێنن، هەتا هەرچی بەبڕشتتر دەنگ هەڵبڕن کە کورد هەر ماوە و چەقڵی چاوی دوژمنانیەتی.

کەوایە لە هەر کوێیەک کوردێکتان بینی کە خەریکی هەڵپەڕکێیە، یان جلە ڕەنگاڵە ئەفسانەییەکەی لەبەر بوو، یان کەمانچە و تەمموورەی ژەند و دەفی لێ دا، خێرا بیرتان بۆ ئەوە بچێ کە لە دۆخی شۆڕشە، شۆڕش لە هەمبەر فاشیزمی زاڵ بەسەر وڵاتەکەی و بە چاڵنج کێشانی چەقبەستوویی مەزهەبی و بەرهەمهێنەریی هیوا بۆ درێژەی ژیانە، هەتا ڕۆژێک بە ئاواتەکانمان دەگەین.




# ئیتلاعاتی سپای پاسداران دوو لاوی خەڵکی سەرپێڵی گوللەباران کرد




سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، جەنایەتێکی دیکەی خولقاند و دوو لاوی خەڵکی شاری سەرپێڵی گوللەباران کرد.

شەوی هەینی، ڕێکەوتی ٥ی خەزەڵوەری ۱۳۹۷ی هەتاوی، ئیتلاعاتی سپای پاسداران، دوو لاوی خەڵکی سەرپێڵ و زەهاویان لەسەر، لە شوێنێک بە ناوی "نەڵکمین"، سنووری نێوان تەوێڵە و هانەگەرمەڵە، تیرباران کرد.

ڕێژیمی ئێران بۆ سەرپۆشکردنی ئەو جەنایەتە لە نێو خەڵکدا وایان بڵاو کردووەتەوە کە ئەو دوو لاوە لە کاتی تێپەڕین لە سنوور، کەوتوونەتە سەر مین و گیانیان لە دەست داوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە وتەی خەڵکی ناوچەکە، ئەو شوێنە کە تەرمەکانی لێ دۆزراوەتەوە، نە سنووری هاتوچووی کۆڵبەرە و نە مین لەوێ هەبووە.

خەڵک ئاسەواری گوللەبارانیان بە تەرمی ئەو دوو لاوە دیتووە و هەتا نیوەڕۆی شەممەش، تەرمی ئەو دوو لاوە لە شوێنی خۆی بووە.

# کتێبخانەی ناوەندیی کرماشان هەروا نیوەچڵە



کتێبخانەی ناوەندیی شاری کرماشان، پاش تێپەڕینی ۱۱ ساڵ هێشتا نیوەچڵە و تەنیا ۳۲ لەسەد گەشەی فیزیکی هەبووە.

کتێبخانەی ناوەندیی کرماشان، یەکێک لە گرینگترین پرۆژە نیوەچڵەکانی ئەم پارێزگایەیە، کە ۱۱ ساڵ پێش ئێستا کارەکانی دەتی پێ کردبوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی بوودجەی پێویست هێشتا بە نیوەچڵی ماوەتەوە.

مەعسوومە خانسار، بەرپرسی کتێبخانە گشتییەکانی پارێزگای کرماشان، بە ئاماژەکردن بەوەی کە بەرەوپێشبردنی فیزیکیی بینای ئەم کتێبخانەیە ۳۲ لەسەدە، وتوویەتی: کاری دروستکردنی ئەم بینایە پاش چەند ساڵ ڕاگیران، دیسان سەرلەنوێ دەستی پێ کردووەتەوە.

وتیشی: داواکاریی دروستکردنی کتێبخانەی ناوەندی لە ساڵانی ڕابردوودا پێشکەشی وەزارەتی ئیرشاد کرا، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئیعتبار، قەبووڵ نەکرا.

لە لایەکی تریشەوە، فەزڵوڵڵا ڕەنجبەر، فەرمانداری کرماشان باسی لەوە کردووە: کە وەزارەتی ئیرشاد بەڵێنی یارمەتیدانی ماڵیی داوە، بەڵام پێش لەوە دەبێ دەزگا حکوومەتییەکان نیوەی بوودجەکە دابین بکەن.

ڕەنجبەر هەروەها وتوویەتی: ئوستانداری، ئیدارەی کتێبخانەکانی پارێزگا و نوێنەرانی مەجلیس بەدواداچوون بۆ دابینکردنی بوودجەکە دەکەن و هیواداریین لە بوودجەی ساڵی ۹۸دا ئەم پرۆژەیە لەبەرچاو بگیردرێت!

نیوەچڵ مانەوەی پرۆژەی ئەم کتێبخانەیە لە حاڵێکدایە، کە بەرپرسان، دەوڵەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم، بوودجەیەکی زۆر بۆ دامەزرانی ماڵی قورئان (خانە قرآن) و هەروەها پرۆژە دینییەکانی تر تەرخان دەکەن و بەشە گرینگەکان وەک کتێب و کتێبخوێندن دەخەنە پەراوێزەوە.

# نیەتی دوژمنکارانەی ئێران و پێویستیی ئامادەیی حیزبە کوردییەکان



ن: د. محەممەد حوسێن‌زادە

و: جەماڵ ڕەسووڵدنخە

## بەشی یەکەم

ئەزموون و ڕووداوە سیاسییەکانی چوار دەیەی ڕابردوو کوردەکانی فێر کردووە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران نیەت و ئامانجی هێرشبەرانە و دوژمنانەی لە بەرانبەر کوردەکاندا هەبووە و ئەو ڕێژیمە هەر کات و ساتێک و لە هەر شوێنێک کە ئیمکان و دەرفەتی هەبووبێت دەستی بۆ عەمەلیاتی جەنایەتکارانە یا هێرشی کتوپڕ دژی نەتەوە و حیزبە سیاسییەکانی کورد، بە ئامانجی پووچەڵکردنەوەی هێزی بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی ئەوان، لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەرانە و دەستدرێژییەکانی خۆی بردووە. ئەمڕۆکەش کە ڕێژیمی ئێران لە بەستێنی نێوخۆیی و دەرەوە لە دۆخێکی قەیراناویدایە و توانایی چارەسەرکردنی عاقڵانە و لۆژیکیی کێشەکانی نییە زیاتر لە جاران توانایی ئەوەی هەیە کە دەست بۆ خۆدەرهاوێژی، بەتایبەت ئامانجە دوژمنکارانەکانی خۆی لە بەرانبەر کوردەکان بە کردەییتر بکات، بۆیە پێویستە کە کوردەکان و بە تایبەت حیزبە کوردییەکان هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرن و جیاواز لە بەدوای گەڕان یا سنووردارکردنی ئێران بۆ بەکردەیی کردنی ئەو ئامانجە دوژمنکارانە، لە بەرانبەر دوژمندا دەستەوەستان نەمێنن و توانایی وڵامدانەوەیان بە عەمەلیاتەکانی ڕێژیمی ئێران هەبێت.

پێداگری لەسەر "نیەت و ئامانجی دوژمنکارانە"ی ئێران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بواری سیاسەت "نیەت" بووەتە "کردەوە" و نەهایەتی "نیەتی دوژمنکارانە" شتێک جیاواز لە " کار و ڕەفتاری هێرشبەرانە و دەستدرێژیکارانە" نییە. لە مێژووی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کوردەکان لە بواری جیاوازدا بوونە قوربانیی ئەو ڕوانگە دوژمنکارانەیەی ڕێژیمی ئێران و جەنایەت و خەسارەکان لە قاڵبی حەزفی فیزیکی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و تێکدانی ژینگە و سەرچاوە سرووشتییەکان و ژێرزەوی بە شێوەی بەردەوام، بێڕەحمانە و تراژدیک دووپات بووەتەوە. بەرچاوترین نموونەکان باشترین نموونەن. ڕێژیمی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا تەمەنی خۆی بە پشت بەستن بە فتوای ڕێبەریی خۆی لەسەر جیهاد دژی کوردەکان هەموو جۆرە ئەشکەنجە و کوشتار و جەنایەتێکی ئەنجام داوە. ئێعدامی بە کۆمەڵی لە چوار دەیە پێش ئێستا دەست پێکرد و ئێستاش هەر چەند جارێک ڕوو دەداتەوە. دەستی بە کوشتاری بە کۆمەڵی گوندنشینەکان، چۆڵکردن و دووخستنەوەی هەندێکی دیکە لە گوندنشینەکانی سەر سنوور کردووە. ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکانی تەنانەت لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کردووە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا دژبەرانی سیاسی زیندانی و ئەشکەنجە کردووە یان دووری خستوونەتەوە و یان بە گوشاری خۆی بووەتە هۆی ڕاونان و کۆچاندنی جیابیران. ئاسەوار و میراتی نەتەوەیی ـ مێژوویی ـ فەرهەنگیی کوردەکانی بە تاڵان بردووە. دەستی بە دزین و تاڵانی سەرچاوە ژێرزەوی و سروشتییەکان کردووە و بە شێوەیەکی سیستماتیک تێکی داوە و هەروەها پارێزەرانی ژینگەپارێزیشی خستووەتە ژێر گوشار و هەڕەشە. فێرکردن و فێرکاریی بە زمانی کوردی قەدەغە کردووە بچوکترین کەلێنی ڕەخنەی گرتووە، چاپەمەنی و میدیا کوردییەکانی ڕاگرتووە یان ناهێڵێت بڵاو ببێتەوە. هاوکاتیش دەستی بە ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی لە ڕێگای کەرەستە، میدیا و دەزگاکانی پرۆپاگەندا کردووە.

ئەو حاڵەتانەی باسیان لێوە کرا جەنایەتەکانی ڕێژیمی ئێران پیشان دەدەن کە ئەو ڕێژیمە بە شێوەی ذاتی بۆ کوردەکان مەترسیدارە. دەستی بەرپرسانی ڕێژیم هەمیشە ئامادەی خنکاندن و ئێعدامی کوردەکان بووە. ئەو ڕێژیمە تەنانەت کردەوەی زیاتری لە دەوڵەتێکی داگیرکەر ئەنجام داوە و لە حاڵێکدا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، دەوڵەتێکی داگیرکەر بەرپرسە لە پاراستنی گیان و ماڵی دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان، پاراستنی کەرامەتی ئەوان و پاراستنی ژینگە و ملکی فەرهەنگی و .... بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هیچ کام لەو حاڵەتانەی نەپاراستووە، ئەمە دەڵێم چونکە کردەوەکانی ڕێژیمی تاران خراپتر لە ڕەفتاری دەوڵەتێکی داگیرکەرە.

ئەگەرچی ماوەیەک ڕەفتار و کردەوەی هێرشبەرانەی ڕێژیمی ئێران لەژێر بەربەستەکانی ناوچە و هەروەها سیاسەتی چاوەڕوانی و هەزارەگەرایی و شێواویی بارودۆخی حیزبە سیاسییەکان کەمتر خۆی دەردەخست، بەڵام لێدوان و کردەوە هێرشبەرانەکانی ئەو وڵاتە لە ماوەی دوو/ سێ ساڵی دواییدا بە تایبەت لەژێر کاریگەریی هەندێک سیاسەتی سەرکەوتووانەی حیزبەکان بۆ نموونە "ڕاسان" و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گوشارەکان، کێشە و قەیرانەکانی کە ڕیشاڵەکانی ئەو وڵاتەی تەنیوە دیسانەوە سەری هەڵداوەتەوە. بەرپرسانی ئێران کە لە لایەک ناتوانن لێکەوتە ئەرێنییەکانی سیاسەتی ڕاسان ئینکار بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە ناتوانن قەیرانەکان بە شێوەی بەڕێوەبەرانە و لەسەر بنەمای عەقڵ چارەسەر بکەن، هەوڵێکی زۆریان داوە کە بە خۆدەرهاویشتن و دروستکردنی شوبهەی دەرگیریی هێرشبەرانە، بیروڕای گشتی بەلاڕێدا ببەن و نەتوانینەکانی خۆیان داپۆشن. بەم پێیە ئەوان لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا، ستراتیژیی ساڵانی پێشووی خۆیان کە هەمیشە لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی ئامریکا، هەڕەشەیان لە ئیسرائیل دەکرد هەتا مەترسییەکە لەسەر خۆیان بکشێننەوە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕیوە و ئامانجی خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر کوردەکان گۆڕیوە. بەرپرسانی ئێران بە دڵنیایی لەوەیکە ئیسرائیل لە ئێستادا زیاتر لە خۆیان حەز و مەیلی هەیە کە تێکهەڵچوونێکی نیزامی لە ناوچەدا ڕوو بدات، ئیتر شەهامەت و بوێری ئەوەیان نییە کە هەڕەشە لەو وڵاتە بکەن. هەر بۆیە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە هەڕەشەکانی نێوخۆ و دەرەوە دژی تاران زیادی کردووە ئەوانیش بە هەمان شێوە چ لە نێوخۆ دژی خەڵک و چ لە دەرەوەی سنوورەکان دژی حیزبە کوردییەکان گوشارەکانیان زیاتر کردووە.

نموونەکانی گوشاری زیاتر بۆ سەر خەڵکی کورد لە نێوخۆی وڵات دەبێت لە حاڵەتەکانی وەک ئێعدامی چالاکانی سیاسی، کوشتاری کۆڵبەران، هەڕەشە و سزای مانگرتووان، ئاگرتێبەردانی دارستانەکان و هەڕەشە لە چالاکانی ژینگەپارێزی، دوورخستنەوە و زیندانیکردنی مامۆستایانی قوتابخانە، خوێندکاران، نووسەران و کرێکارانی کورد، گوشاری چەند قاتی ئابووری لەسەر ئەوان و بەرزبوونەوەی دەستدرێژیی بەرنامەدارێژراو لە کوردستان و سووکایەتی پێکردنی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی مانۆڕی نێو شار بە مەبەستی ترسانی خەڵک، ببینین.

هەڕەشەکان دژی حیزبەکانیش لە چوارچێوەی حاڵەتەکانی وەک ڕاگواستنی ڕێژەیەکی زۆر لە چەکوچۆڵی قورس و سووک بۆ سنوورەکانی کوردستان، تۆپباران و هاویشتنی ڕاکێت بۆ ناوچە سنوورییەکان و مووشەکبارانەکانی ئەم دواییانەی حیزبی دێموکرات، ببینین. لەم ڕووەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کردەوانە و ئەنجامی کردەوەی نیزامیی تاران کە بە ڕواڵەت مەبەستی بەرگریکارانەی هەیە و بەپێی قەیرانێکی قووڵ کە ئێرانی تەنیوە، ئەگەری کردەوەی کتوپڕ و پێشگیرانەی ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی زیان گەیاندن بە قەوارەی حیزبە کوردییەکان زۆر بەدوور نییە. جێگای خۆیەتی کە حیزبە کوردییەکان وەک ئەکتەرێکی سیاسی کە لەسەر نیەتی دوژمنکارانە و هێرشبەرانەی ڕێژیمی ئێران سوورن، خۆیان بۆ "خراپترین ئەگەرەکان" جیا لە ئەنجامی کردەیی ئەوان ئامادە بکەن. لەو بارەوە کە چ هۆکارێک ئەگەری هاندانی هێرشی ئێران زیاتر دەکات، پێشتر بە شێوەیەکی چڕوپڕ باسم کردووە. لێرەشدا بە شێوەیەکی کورت ئاماژەی پێ دەکەم کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەمان ئەندازە کە ئیمکانی ڕێککەوتن لەگەڵ ترامپ بەدوور نازانێت، بە هەمان ڕێژەش ئیمکانی دەرگیری لەگەڵ هێزەکانی ئامریکا بە تایبەت لە بواری دەریایی بەدوور نازانێت. فاکتی من بۆ ئەم قسە ئەوەیە کە لە ئەگەری دەرگیری و بەپێی نەتوانینی ئێران لە بواری دەریایی و ئەگەری لەناوچوونی خێرای هێزەکانی ئەوان، تاران هەوڵ دەدات کە بەرەی شەڕی خۆی لە جێگایەکی دیکە جا چ بە ئامانجی پەرەپێدانی قەیران و چ بە ئامانجی پەرەپێدانی سنوورەکانی دەرگیری دروست بکات؛ بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا بە مەبەستی ئیمکانی مانەوەی زیاتری خۆی کار دەکات. بە ڕوانینێک لە دەوروبەری ئێران، دەتوانین بڵێین شوێنێکی باشتر لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە و بە تایبەت باشووری کوردستان بۆ زێدەخوازییەکانی لەبەر دەستدا نییە. لە ڕەوتی پێچەوانەدا، واتە لە ئەگەری سازان لەگەڵ ئامریکاش، ئەو ئەگەرە هەیە کە ئێران دەبێ بۆ پاراستنی پرەستیژ و بەلاڕێدابردنی بیروڕا لە دانی ئیمتیاز بە واشنگتۆن بیهەوێت هێرشی دیکە لە جۆری مووشەکی پێشوو بەڵام لە ئاستێکی بەربڵاوتر ئەنجام بدات. بە خوێندنەوەی جێگە و پێگە و دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران و هەروەها ئەو کردەوانەی کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە کوردستان ئەنجامی داوە، بیر لەو ئەگەرانە دەکرێتەوە. لە دنیای سیاسەتدا باسکردن لە ئەگەرەکان بە مانای ڕوودانی واقعی نییە بەڵام نەبوونی داهاتوونواڕی و نەبوونی ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەرە پێشبینی کراوەکان، دانی باجێکی قورس بە ئەمرێکی حەتمی بۆ حیزبەکان و نەتەوەی کورد بەدوای خۆیدا دێنێت.

جێگای باسە کە جیا لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و ڕووداوەکانی جیهان، ئێستاکە ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ هەنگاوێکی دەسپێشخەرانەی سیاسی ـ نیزامی بە ناوی "ڕاسان" ڕووبەڕوو بووەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی خۆی نابینێت و دژکردەوەی بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پیشانی داوە کە ئەوان بەڕاستی لە ئەنجام و ئاکامی وەها سیاسەتێک کە لە ئەگەری درێژەپێدان و بەهێزبوون و پێوەندیی هەرچی زیاتری پێشمەرگەکان و خەڵک لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر دەبێت و ئەوان ئاکامێکی لەم چەشنەیان بە دروستی پێشبینی کردووە ڕازی نین، بۆیە لەم بارەوەش ئیمکانی دژکردەوەی پێشگیرانەی ئێران لە چوارچێوەی نیزامیدا زیاتر دەبێت. سەرنج بدەن کە مەبەستی ئێمە زیاتر هەنگاوی "پێشگیرانە"یە و نە "پێشدەستانە"، چونکە ئەم دوانە هەتا ڕادەیەک جیاوازییان هەیە. کردەوەی پێشدەستانە بەو پێشبینییە کە هێرشی لایەنێک کتوپڕ و لەناکاوە، ئەنجام دەدرێت. لەو ستراتیژییەدا هەڕەشەی حەتمی و بەپەلە هەیە. لەو ڕوانگەوە کە حیزبە کوردییەکان بەرنامەیەکیان بۆ دەسپێکی هێرش نییە، بۆیە نازانرێت هەنگاوی ئێران پێشدەستانە پێناسە بکەین، کە زۆر جاریش ئەگەری هەیە حاڵەتێکی ناڕەوا بە خۆیەوە بگرێت بەڵام کردەوەی پێشگیرانە (کە وێکچوویەکی زیاتری لەگەڵ کردەوەی کتوپڕ هەیە) بە مەبەستی تێکدان و لەناوبردنی هێزی لایەنێک لە کاتێکدایە کە هێرشێک لە لای ئەو چاوەڕوان ناکرێت، ئەنجام دەدرێت. ئەو هەنگاوەش بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت هیچ ڕەواییەک پەیدا بکات (تەنانەت ئەگەر بە چاونووقاندن لەوەیکە دەوڵەتی ئێران بەهۆی داگیرکاربوونی، لە ئەساسدا هیچ مەشروعیەتێکی نییە) و هەڵبەت ڕێژیمی ئێران لە ڕابردوودا چەندین جار کردەوەی لەم چەشنەی ئەنجام داوە و لە هەلومەرجی ئێستاشدا ئەگەری ئەنجامدانی وەها کردەوەگەلێک بوونی هەیە. بەهەرحاڵ، ئەوان بەردەوام لە بەرامبەر کوردەکاندا باوەڕیان بەم ڕستە هەبووە کە باشترین بەرگری (لە دەسەڵاتی داگیرکارانەیان) هێرشێکی باشە. بەم پێیە دەتوانین بوارڕەخساندن و بەستێن‌سازییەکانی ئێستەش لە ڕاستای جۆرێک لە ڕێکاری پێشگیرانەی پشتبەستوو بە ئەندێشەی "زەبری یەکەم" لەسەر پەیکەری حیزبە کوردییەکان بزانین و بەدڵنیاییەوە هەر کاتێک ستراتێژیستە ئێرانییەکان بەم کۆبەندە بگەن کە قازانجەکانی ئەم هەنگاوە زیاترە لە تێچووەکانی بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پیوەرێکی ئەخلاقی و حقوقی هەنگاوی بۆ هەڵدەگرنەوە.

## خالید دەرویژە:

# دەرک و تێگەیشتنی قووڵی نەتەوەکانی ئێران لەهەمبەر گشتایەتی ڕێژیم لە داهاتوویەکی نزیکدا تەخت و تاجی تاڵانکارانی وڵات لە ناو دەبات.



دۆخی ئابووریی ئێران بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟ ئایا بەهۆی تەحریمەکانەوە چارەنووسی ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران و کوردستان یەکلایی دەبێتەوە؟ ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەم دواییانە چەندە دەتوانن یارمەتیدەری ڕەوتی رووخانی ڕێژیم بن. ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکە لە وتووێژی ئەمجارەی کوردستان ئاراستەی بەڕێز "خالید دەرویژە" ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزب و شارەزا لە کاروباری ئابووریی ئێران کراوە کە سەرنجی خوێنەرانی خۆشەویست بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**دیمانە: کوردستان**

**شرۆڤەکاران و چاوەدێران باس لە دارمانی ئابووریی ئێران دەکەن. لە ڕاستیدا ئەمە روو دەدات؟ هێماکانی ئەم دارمانە چین؟**

ئێران چوارەمین گەورە بەرهەمهێنەری نەوتە لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا، هەروەها دووهەمین کۆگای گازی ژێرزەوینی هەیە، بە هۆی شوێنەوارە مێژوویی و گەشتیارییەکانییەوە توانایی و پۆتانسیەڵی بوون بە دەیەمین وڵاتی پیشەیی هەیە لە کەرتی توریزمدا، پلەی پێنجەم لە کەرتی ئێکوتوریزم و هەروەها بوونی جوگرافیایەکی پان و بەرین و کەشوهەوایەکی چوار وەرزە، دەبوایە تاکوو ئێستا یەکێک لە دە وڵاتی پێشکەوتوو و گەشەسەندووی ئابووری جیهان بوایە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی بوونی دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک و نادێموکراتیک، پێکهاتە و سیستمی ئابووریی تێکەڵاو، دەوڵەتی، نەوتی، رانتی، دۆستانە، یارانەیی، گەندەڵ، نابەرابەر و هەژارپەروەر، سیاسەتگەلی هەڵە، پێشبینی نەکراو، دەستێوەردانانە و ئاڵۆزی خولقێن لە رەهەندە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، دۆخە ئابوورییەکەی بە چەشنێکە کە ئەگەر نەیێژین رووخاوە، زێدەڕۆییمان نەکردووە کە بڵێین لە هەڵدێری رووخان و دارماندایە.

ئابووریناسان و شارەزایانی ئەو بوارە، رێژەی گەشە و داتەپینی هەر ئابوورییەک، بە کەڵکوەرگرتن لە پێوەرەکانی تایبەت هەڵدەسەنگێنن. لە کاتێکدا راپۆرتە بڵاو کراوەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا باس لە زیادبوونی لانیکەم دووقاتی نرخی شتومەک و خزمەتگوزارییەکان دەکەن و ستیف هانکێ ئابووریناس و مامۆستای زانستگەی جان هاپکینزی ئامریکا نرخی هەڵاوسانی بە ٢٩٣٪ هەژمار کردووە و هاوکات راستییەکانی کۆمەڵگە ئەوەمان پێ ئەڵێن کە بایەخ و بەهای دراوی ئێران لە بەرامبەر دراوە بیانییەکاندا لانیکەم ٢٧٣٪ دابەزیوە ( نرخی دۆلار کە لە مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا ٣٧٥٠ تمەن بووە، ئێستا گەیشتووەتە ١٤٠٠٠ تمەن)، ئەو رەقەم و ئامارانەی کە بانکی ناوەندی بڵاویان دەکاتەوە وەکوو هەمیشە نادروست و ئامانجدارن و شرۆڤە و راڤەیەکی دیکە بەدوای خۆیان دینن.

بەم حاڵەش ئەگەر زانیارییەکانی خودی بانکی ناوەندی بە سەرچاوە بۆ ئانالیزی دۆخی ئابووری لەبەرچاو بگرین، نیشانەکانی دارمانی ئابووریی ئێران بە دوور لە چاوەڕوانی نییە.

بە پێی ڕاپۆرتی بانکی ناوەندی، نرخی هەڵاوسان خاڵ بە خاڵی بەرهەمهێنان لە مانگی خەرمانانی ٩٧ لە چاو ٩٦ ، ٦١٪ زیادی کردووە، ئەمە بەو واتایەیە کە بە هۆی گرانبوونی نرخی شتومەکی (واسطەای وارداتی ) نرخی تەوا بووی بەرهەمی، بەرهەمهێنراو بەم رێژەیە و تەنانەت زۆرتریش زیادی کردووە و لە ئاکامدا لە ڕێژەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی کەمی کردووەتەوە و نرخی بێکاری بە هۆی داخستن و مایەپووچی یەکە بەرهەمهێنەرەکان زیادی کردووە.

نرخی هەڵاوسانی کۆمەڵێک لە شتومەک و خەدەماتی هاوشێوەی بنەماڵەیی لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵ لەچاو خەرمانانی ساڵی رابردوو باس لە زیادبوونی ٣٣٪ دەکات؛ ئەمەش بە مانای دابەزینی توانایی کڕینی بنەماڵەیی و دانی هەزینەی زیاتر بە بۆنەی لانیکەمی پێداویستییە سەرەکییەکانی بنەماڵەیە.

پتر لە ٤٠٪ی هێزی کاری وڵاتی ئێران بێکارن و بە وەها نرخێک دوای ئافریقای باشوور پلەی شەشەمی لە ئاستی جیهان بۆ خۆی تۆمار کردووە.

مێهدی نیکدڵ بەرێوەبەری سندوقی پاشەکەوتی مامۆستایان رایگەیاندووە کە ئەگەر ڕێژەی قەرزە بانکییەکان و ژمارەی سەرپێچییە ماڵییەکان بە پێوەر بگرین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کارکردی سیستمی ماڵی و بانکی ئێران نەتەنیا باش نییە بەڵکوو زۆر خراپە و لە ١٠٠ دا ٩٠ی بانکەکان و دامەزراوە ماڵییەکان مایەپووچ بوون.

بە پێی دوایین ڕاپۆرتی وەرزانەی سندووقی نێونەتەوەیی دراویش لە ڕێکەوتی ١٧ ڕەزبەری ٩٧ نرخی گەشەی ئابووریی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ی زایینی مەنفی ٥/١ ٪ بووە و لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩ دا بە بێ لە بەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی دەوری دووهەمی گەمارۆکانی ئامریکا لە ١٣ خەزەڵوەر، مەنفی ٦/٣ ٪ پێشبینی کراوە.

بەم شێوەیە هێڵی هەژاری کە پێشتر ٢ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار تمەن بووە لەمەوبەدوا بە ١٠ میلیۆن تمەن دەگات، ئەمەش بەو مانایەیە کە زیاتر لە ٧٠٪ی حەشیمەتی ئێران دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە.

**دارمانی ئابووری چ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوای خۆیدا دێنێ و ئایا دەتوانێ ببێتە هۆکاری سەرەکیی ڕاپەڕین و هەستانەوەی سەرانسەری لە ئێراندا؟**

لە دنیای ئەمڕۆدا ناتوانین ئابووری و سیاسەت وەکوو دوو باسی جیا لە یەک دابنێین بەڵکوو ئابووری وەک زانستێک کە کەڵکی بەجێ لە سەرچاوە سنووردارەکان وەردەگرێ، خۆی بە قەرزداری بەستێنسازییە گونجاوەکانی سیاسەت وەکوو هونەری حکومەتداری دەزانێ. ساڵانێکە کە ئاوەها تیۆرییێک سەلماوە کە گەشەی ئابووری لە رێگای بە ئیستلاح قیرتاوکراو و بەستێنی کراوەی سیاسییەوە تێدەپەڕێ. سەرمایەدانان و بە تایبەتی سەرمایەدانانی دەرەکی چەرخی جووڵەی ئابووریی زیندو و هاوسەنگن. وەها هۆکارێک بە هۆی سیاسەتی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی وەکوو، سوریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و ..... پاڵپشتی لە تیرۆریزم و بەکارگرتنی ماشینی تیرۆر و خەفەقان لە ئاستی ناوخۆیی و نیونەتەوەیی، سیاسەتی سەرکوتی ناوخۆیی، درووست کردن و تاقیکردنەوەی موشەکە دوورهاوێژەکان، هەوڵەکانی بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، بێجگە لەوەیکە بوونەتە هۆی پەراوێزکەوتنی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی، بە هۆی نەبوونی ئەمنییەت بۆ سەرمایەدانان، سەرمایەدانانی بیانی توشی کێشە کردووە و ئەمە خۆی یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی دارمانی ئابووری بە هەژمار دێت. هەژاری وەک ماکەی هەموو خەسارەکان لە چاوگی وەها سیاسەتگەلێکەوە هاتووەتە دونیا و لە ئێستاشدا دەرکی قووڵی خەڵکی ئێران لە دروشمگەلێک وەک " اصلاح طلب اصولگرا، دیگه تمومه ماجرا، دشمن ما همین جاست دروغ میگن آمریکاست". جێگای تێگەیشتن و لێوردبوونەوەیە.

بە بەیانێکی سادەتر گەرچی ئەتوانین دارمانی ئابووری و هەژاری وەک هۆکاری وەها قەیرانگەلێک بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی راسانی سەرتاسەری هەژمار بکەین، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە درک و تێگەیشتنی قووڵی نەتەوەکانی ئێران لەهەمبەر گشتایەتی نیزام کە بە هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە نالەبارەی دەزانن، بووەتە بنەمای ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و بە بێ دوودڵی ئەم شێوەڕوانینە بەرەو ئاقارێک دەڕوات کە لە داهاتوویەکی نزیکدا تەخت و تاجی تاڵانکارانی وڵات لە ناو ببات.

**مەبەست لە دانانی گەمارۆکانی لە سەر ئێران پێشگرتنە لە بەدەستهێنانی چەکی ناوکی ئەو وڵاتە، بەڵام ئێمە دەبینین کە وڵاتی ئیسرائیل لەمبارەوە نیگەران بووە و لە سەر ئەم پرسە لیبرمەن وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە لە قسەکانیدا ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە گەمارۆکان ئابووریی ئێرانی ئیفلیج کردووە بەڵام نابێتە هۆی دەستپێڕانەگەیشتنی ئەو ڕێژیمە بە چەکی ناوکی! ئێوە ئەم قسانە چۆن لێک ئەدەنەوە؟**

ئامانجی گەمارۆکانی پێشتری ئامریکا، ئەورووپا و شۆرای ئەمنییەت، پێشگرتن لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بە دەستخستنی چەکی ناوکی بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین و لەڕاستیدا کردەوە تێکدەرانەکانی کۆماری ئیسلامی بووە لەبارەی پێبەند نەبوونی بە رۆحی ڕێککەوتنی ناوکییە کە هۆکار بووە لە دانانی دوازدە خاڵی ئامریکا لە بەرامبەر ئێران و ئامانجی کۆتایی ئەوان گۆڕینی رەفتاری ڕێژیمە. ئەوەیکە بۆ پرسیارەکەی ئێوەوە دەگەڕێتەوە منیش لەو باوەڕەدام کە گەرچی گەمارۆکانی ئامریکا و لەوانەی کۆمەڵگای جیهانیش بە مەبەستی دەستپێڕانەگەیشتنی ئێرانە بە چەکی ناوکی، بەڵام کافی نییە، لەبەر ئەوەی کە رێژیمی ئێران وەک رێژیمێکی ئیدئۆلۆژیک، تەریککەوتوو و یاخی لە یاسا نێونەتەوەییەکان کە ئیمرۆکە مەشروعیەتێکی لە ئێرانی فرەنەتەوەدا نییە و لە ئاستی جیهانیشدا بە تەواوەتی تەریک کەوتووە، بۆ مانەوەی دەسەڵاتە سەدەناوەڕاستییەکەی لە هەموو رێگەکان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی کەلک وەردەگرێ، لێرەدایە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێت لە نێوان دوو بژاردەدا یەکیان هەڵبژێرن؛ یان کۆماری ئیسلامی سەرەڕۆ لە یاسا و تەیار بە چەکی ناوکی یان بە گرتنەبەری ڕێکارگەلی کردەکی و کاریگەریدانەر کە لە ئاکامدا بگات بە رووخانی نیزام و ئەمنییەت و ئاشتی لە ناوچە و جیهان دەستەبەر بکات.

**ئایا لە ژێر کار دەرچوونی ئەورووپییەکان بە نیسبەت گەمارۆکانی ئامریکا ئەتوانێ ئەم ڕێژیمە لە دارمانی ئابووری رزگار بکات؟**

ئەزموونی ئێمە لە کردەوەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی وەبیرهێنەرەوەی وەها راستییەکە کە ئەوان بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی رێئاڵ پۆلیتیک بەرژەوەندی و مەسڵەحەتیان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، لەمبارەوە جددییەتی ئیدارەی ترامپ ( هەروا کە تا ئێستاش وا بووە) بەتایبەتی لەبارەی گەڕی دووهەمی گەمارۆکان هاوکێشەکان بە شێوەیەکی تر دەچنە پێش. لە وەهادۆخێکدا دەوڵەتانی ئەورووپایی ناچارن کە هەڵبژێرن کە بە پێی راستییەکانی هەنووکە لە ئاستی سیاسەتی جیهانی چ بمانەوێت و چ نەمانەوێت کردەوە و هەڵوێستەکانی ئامریکا یەکلاکەرەوەن، ئەورووپاییەکانیش بە زانینی ئەم راستییە گەرچی تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی " آقا اجازە" تێپەڕن، هاوڕا دەبن لە گەڵ ئامریکاییەکان و بەپێچەوانەی ویست و مەیلی خۆیان بە کردەوە ناتوانن پێش بە رووخانی حەتمی ڕێژیم بگرن. گەمارۆ سەر بانکە گەورەکانی ئێران لە لایەن تۆڕی ماڵی سویفت پێش لە ڕێککەوتنی ناوکی بەرجام و چوونەدەرەوەی بە ڕیزی شرکەتە ئەورووپاییەکان لە بازاڕی ئێران لە دوای کشانەوەی تاکلایانەی ئامریکا لە بەرجام، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەم ئیدعایە.

**ئێمە لە بەفرانباری ساڵی رابردووەوە بینەری ناڕەزایەتی دەبڕینی سەرانسەری، بەربڵاو و پێکهاتە شکێن دژ بە فاشیزمی زاڵ بە سەر ئێران بووین کە زۆربەی هەرەزۆری لە ناو نەتەوە ژێر دەستەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران بوون و هەروەها ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان بە شێوەیەکی کەموێنە درێژەی هەبووە کە ئەتوانین بە مانگرتنی بانە، کامیوندارەکان، مامۆستایان، ناڕەزایەتییەکانی جوب و ناڕەزایەتی سەرانسەری پارێزگاکانی کوردستان لە٢١ ی خەرمانان ئاماژە بکەین، ئێوە ئەم کۆمەڵە ناڕەزایەتییە چۆن و لە چ روانگەیەکەوە شرۆڤە دەکەن و ئایا ئەم پرسانە ئەتوانن ڕێژیم بکێشنە خوارەوە یان پێویستی بە کاتالیزۆری تریش هەیە؟؟**

ئەمن ئەم ناڕەزایەتییانە بە درێژەی زنجیرە ناڕەزایەتییەکانی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ و نەزان لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتیان دەزانم، دەنگی بیست و دوو ملیۆنی بە بزووتنەوەی ٢ ی جۆزەردان لە ساڵی ٧٦ لە راستیدا نە بە گشتایەتی نیزام بوو و لە دوای ئەوەش ئاوەها ناڕەزایەتیگەلێک درێژەی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەم ناڕەزایەتییانەی ئەم دواییەی لە ساڵانی رابردوو جیا کردووەتەوە، جوگرافیای بەرین، درووشمگەلی رووخێنەر، تێپەڕین لە ریفۆرم و گشتگیربوونی ئەوە. سەبر و تەحەمولی خەڵک تەواو بووە و لە ئێستادا ئیرادەیان کردووە کە قۆڵی بۆ هەڵماڵن و گەرەکیانە بە دڕاندنی زەنجیری زوڵم و سەرەڕۆیی، بە نەخشێکی نوێ لە گیان و دڵی خۆیان وڵات بنیات بنێنەوە، بەو هیوایەی کە یەکگرتوویی و هاوکاری نەتەوە زوڵملێکراوەکان ببێتە هۆی کاتالیزۆرێک بۆ خێرات بوونی رووخانی ڕێژیم.

**دەسکەوتی یەک ساڵ ناڕەزایەتی بەردەوام و بەرینی نەتەوەکانی ئێران لە دژی فاشیزمی کۆماری ئیسلامی لە چیدا ئەبینی و چۆنی لێکدەدەیتەوە؟؟**

گەر بێژین لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نەتەوەی کورد تاقە هێزی چالاک، یەکگرتوو و خاوەن رێکخراو لە دژی ڕێژیم بووە زۆرمان نەوتووە، لەم ماوەیەدا بە زانینی ئەو راستییە کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی رێژیم نە هێزی "مافوق" بەڵکوو لاوازی ئۆپوزسیۆن بووە، کە حیزبی دێموکرات بۆ گەیشتن بەم گرینگە هەوڵێکی بەردەوامی داوە( کە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە راستای گەیشتن بە وەها پێویستییەک بوو، ئەمە تەنیا یەکێک لەو هەوڵانەیە کە ئەم حیزبە داویەتی ).

ئێستاش کە شاهێدی ڕاپەڕینی بەربڵاو و جەماوەری نەتەوەکانی ئێرانین زیاتر لە هەر کاتێکی تر هاوپێوەندی، یەکگرتوویی و هاودەنگی هێزە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان بۆ تێپەڕین لە ڕێژیم پێویستییەکی هەنووکەییە. لەم ڕاستایەدا حیزبی دێموکرات جیا لەوەیکە لە ئاستی کوردستاندا ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ سازکردنی ئۆرگانیزاسیۆنێک بەناوی ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەبووە، لە ئاستی سەرانسەریشدا لە هیچ هەوڵێک درێغی نەکردووە.

# هەڵبژاردە

"خەباتی ئێمە خەباتێکی رەوایە خەبات بۆ ئازادی میللەتێکە ..."



بە شوێن دۆزینەوە
بە شوێن ناسینەوە
بە شوێن گەڕانەوە
هەنگاو دەنێ ،
هەنگاوی بێ گەڕانەوە
لە ڕێبازی پێگەیشتن
بۆ دەرهاتن،
لە بۆ مانای خەونی چەندین ساڵە
ئەو کاروانەی لە بەیانی بوومەلێڵا
سەدە سەدە
بە بزەی هەتاو پێدەکەنی
ڕێگە دەبڕێ
هەنگاو دەنێ،
لە ڕێبازی دوورکەوتنەوە
لە بوومەلێڵ
گەڕانەوە
لە مەودایی تاریک و روون
پێناسەیەک لە بۆ تاری
رەش و تاڵی ژیان
ئاکاری نالەباری دژ
دێوەزمەی شەڕ
لە بێدادی

هەڵاواردن
تەشوێی دمەزەردی ئۆلی بێبڕوایی
قین لە قینی باڵا دەکا
کەلەکەی قین پێچەوانەی بنیاد دەنێ
ڕێگە دەبڕێ
هەنگاو دەنێ
بە شێنەیی
هەودای بێجەمسەری خەیاڵ
ئاوێنەکی غەوری پڕ لە بەتاڵ
شەتەک دەدا
کاڵ و تفتی
بۆ شیلەی شاخ
کرچ و کاڵی شەق شەقەی شار
بە شێنەیی
شی دەکات و وەبەر بای شێ
شینی دەکا ساخ و ئازا
باڵای تەرزی باڵا دەکا
سەرهەڵدەبڕێ رووە و چیا
سەرهەڵدەگرێ رووە و چیا
دەنگ هەڵدەبڕێ رووە و چیا
چیا چیا
دەنگ دێتەوە چیا چیا چییە! چییە؟
مات و مەبهووت
زایەڵەی دەنگی چیا
بەرەو سەر و سەری دەبا
لە تێکشان کە بەرەوژوور
هەنگاو دەنێ
لە ژێر سێبەری گابەردا
لە پەسیوان
لەسەر کانی روون و زوڵاڵ
لە لاپاڵێ، لە بن سێبەری درەختێ
لە نێو ئەشکەوت، لە زنارێ ، لە زەندۆڵێ
لەسەر تەپۆڵکەیەک
لەسەر قیتەکی چیای ئەستەم
پەیف کۆزیلەیان بەستووە
هێندێک گەرۆک
بە دەم باوە هەڵدەسوورێن
وەک باڵندە
بێروبەوێندەردا وێڵن
شنەی شێبا
رایان دەشنێ
دێن و دەچن
پەردەی گوێچکە دەلەرێنن
" دایە ماڵئاوا بەرەو تێکۆشان "
هەنگاوەکەی ئەهوەن دەنێ
" لە قەندیلی سەر بەرزەوە "
"وەڵامت بۆ دەنێرمەوە "
خۆ رادەنێ
" ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە چاکی بە جێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسڵی داهاتوو
شەهیدی نەبێ... "
رادەچەنێ
پەیڤێکی تر
"خەباتی ئێمە خەباتێکی رەوایە خەبات بۆ ئازادی میللەتێکە ..."
گنجی لە تەوێڵی دەبڕێ
یەکی دی دێ
"باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە ..."
پەیڤێکی تر



**پڕ لە وره**
**لە بۆ خەبات**
**لە بۆ ژیان**

یەکێ دیکە
یەکێکی تر
" بە خێر هاتی ..."!!
لێ سڵ دەبێ
چ جوابی نین
پەیڤ دەستە دەستە و بەستە بەستە
لەسەر هەستی
لە نێو کۆشی
لەبەر دەستی
باڵ دەبزێون
پەیڤی شۆڕشگێڕی بە جەرگ
هی سەرکردان
نەعرەتەیی شێری ژیان
کۆڵنەدەری جەرگەی خەبات
لە وانە و مەشق و ڕاهێنان
لە سرتەی خۆش
لە بەزەیی
لە ئاکار و کردەوەی جوان
هەموو هەموو
گەوهەرینە
جەوهەرینە
پر لە وره
لە بۆ خەبات
لە بۆ ژیان
بۆ دوارۆژی روون
لە بۆ خەبات و تێکۆشان
" بە خێر هاتی لە بۆ ڕێزی... "
راچڵەکی
ورد روانی لە دەوروبەر
دوندی چیایی بە چاو ئەنگوت
شێلگیرانە روو بەرەو ژوور
ئامانج دیار و ڕێباز دیار و ئاسۆ لە دوور
دڵی گەرمی تەژی
سەری مەستی جەڕڕەی شەراب
لە روانینا – کڵاو لەسەری دەکەوێ
لە هەیبەتا – رەنگ و روویان
عەزەمەت و خۆڕاگری و سەری بەرز
لانەی شێرە
شێر بەرەو لان
هەنگاو دەنێ ئارام ئارام
سەر لە بەرزی
نیگای ونی دوند و لوتکە
بزر نواڵە و هەم کەند و لەند
کەڵەکێوی چاو لە کۆیە
بۆ گەیشتن
تەنیا و تەنیا ئامانج دەسوێ
شاخ و شار و شۆڕشگێڕی
شانازییە شکۆیەکە
لە ڕێبازی پێگەیشتن
چیا قایم، لوتکە بەرز، رەوەز سەخت، ڕێگە دژوار
تۆف و سەرما، باو و بۆران، بەفر و شەختە، هەزار هەزار
لە گێژەنی سەختی کوێستان
گەلێک کەسن دێنە ئامان
هەواڵبەندی زۆر کەس ناکا – چیا
رق ئەستوور و توندە تەبیات
توانا و تاقەت پڕوکێنە - چیا
...
کورەی گەرمی پێگەیاندن
پاڵ و پشت و
دۆستی دۆستە - چیا
چست و چالاک
بە وره و قایم
گیان سەخت

لێهاتوویی، راهاتوویی
دەرس و دەریا
لەکڵ دەردێ
گوێ لە مستی رازی چیا
چیا چیا
دەستی دەگرێ
ئارام دەگرێ
کرنۆش دەبا
بۆ گەورەیی، بۆ سەربەرزی، بۆ ئازادی
دڵی تژی لە ئەوینی
چیا و دایک و نیشتمان
چۆک دادەدا
گرشەی چاوی گەلاوێژە
ئاسمانی شینی بێبن
سوژدە دەبا
هاوار دەکا
رووخسەی چیا
رووخسەت سەربەرز، گەورە، دایک،
نیشتمان، کوردستانم
رووخسەت چیا چیا چیا ...
دەنگ هاتەوە چیا چیا ...
ئاوازەیی داوە چیا
"بە خێر هاتی لەبۆ ریزی تێکۆشەران
ئەی قارەمان
ئەی پێشمەرگە"
ئۆخژنێکی لە دڵ گەڕا
چاو لە بەرزی
لە بەرزایی چاوێکی بە خۆ داگێڕا
تەیار تەیار
لە سەر پێیە
لە سەر پێیە هەم لە لەشا
هەم لە مێشکا
هەم لە ڕێزی تەشکیلاتا
لە سەر پێیە
کوڵی دڵی، تێهەڵدەکا
دەنگ هەڵدەبڕێ
" من پێشمەرگەی کوردستانم
ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و گیانم
دەپیارێزم نیشتمانم
... "

هیوا خانی

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:737 6 Nov. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشـێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی یەکەمی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٧ هەتاوی، دەکات لە شـار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران:**

# هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ
# لە دوو حەوتووی ڕابردوودا



### دەستبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:

ڕۆژی شەممە ٢٨ی ڕەزبەر، شەش کەس لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز بە ناوەکانی "تاهیر قادرزادە، سلێمان عەبدی، سەید عەلی حوسێنی، ئەحمەد قادری، حەمید یەزدانی و خالید عەبدوڵلاهی" بانگهێشتی ئیدارەی ئەماکن کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.

ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو، دوو چالاکی ژینگەپارێزی کورد خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی لەو شارە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون؛ شوناسی ئەو دوو چالاکە ژینگەپارێزییە، کە هەردووکیان برا بوون بە ناوەکانی "زانیار و شەوگەرد گەلابی"، ڕاگەیەندراوە.

سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە دوو حەوتوو بە سەر دەسبەسەر کردنی "زانیار دەباغیان" چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە، لە چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە و ئەمەش نیگەرانی لای بنەماڵەکەی لێکەوتووەتەوە.

دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "هادی باقرنژاد و سەجاد فەریادی" کوردی فەیلیی خەڵکی شاری ئیلام، ماوەی ٥٥ ڕۆژە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراون.

چوار لاوی خەڵکی شاری پاوە، بە ناوەکانی "ئاسۆ مورادی کوڕی حەسەن، ئارش مورادی کوڕی محەممەدڕەشید، یووسف ئەحمەدی کوڕی ڕەفیق و شایان خالیدی کوڕی نامدار"، لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە لە شاری مەریوان دەسبەسەر کراون.

چەند ڕۆژ پێش، لاوێکی کورد بە ناوی "عادڵ پیروزی"، تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی گوندی "سەردۆش" سەر بە شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە، ٥ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "میلاد قزڵباش"، خەڵکی شاری ماکۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.

ڕێکەوتی ٣٠ ڕەزبەر، "ئۆسامە مەلەکی" تەمەن ١٦ ساڵ، خەڵکی گوندی "کۆرکۆرە"ی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا. هەر لەو پەیوەندییەدا، تۆڕی جیهانی "کلمە"، بڵاوی کردەوە، سێ لاوی سوننی مەزهەبی کورد بە ناوەکانی "شاهۆ و تەوفیق میرەکی" و "کەیوان محەممەدی" خەڵکی ئاساوڵە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی دووشەممە ٧ی خەزەڵوەر، "محەممەد خرەد" تەمەن ٤٠ ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار و بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامی "دەنگی خانێ" لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

چوارشەممە ٩ی خەزەڵوەر، دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزران؛ هەواڵنێری کوردپا لە شاری سەقز، شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە کە (باوک و کوڕ بوون)، بە ناوەکانی "سدیق ڕەحمانزادە" تەمەن ٤٥ ساڵ و "عوسمان ڕەحمانزادە" تەمەن ١٥ ساڵ ڕاگەیاندووە.

ئارش فاتحی پارێزەری پلە یەکی دادگوستەری کە لە بواری ژینگە و پارێزەرایەتی چالاکی دەکات، هەڕەشەی لێ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٩ی خەزەڵوەر، "زەبیحوڵڵا ڕەئووفی" تەمەن ٦٩ ساڵ، خەڵکی شاری سنە، کە لە لایەن دادگای ئینقلابەوە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و یەک ساڵ دوورخستنەوە بۆ شاری میناب، لە پارێزگای هۆرمۆزگان مەحکووم کرابوو، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەی، بۆ زیندانی شاری سنە ڕەوانە کرا.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، دەستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆ، هەڕەشەی خۆڕادەست کردنی چالاکی سیاسی کورد خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوی "کامیل عەبدوڵلاپوور"، دەکەن.

چەند ڕۆژ پێش، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "سەلام مەردان" تەمەن ٢٧ ساڵ کوڕی خالید خەڵکی گوندی "سەوجە"، جەبلی وەیسی خەڵکی ناوچەی دەشتەبێڵی شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "محەممەد پەتاشی" کوڕی محەممەد کەریم خەڵکی گوندی "قەمتەرە" سەر بە شاری پیرانشار، پاش تەواو بوونی لێپرسینەوە لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ڕاگوێزرا.

لاوێکی کورد بە ناوی "عەبدوسەلام قاسمی"، تەمەن ٢٢ ساڵ، خەڵکی شاری پیرانشار، ماوەی یەک مانگ لەمەوبەر لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران دەسبەسەر کرا.

لە چارەنووسی "محەممەدئەمین کەنعانی" خەڵکی گوندی "تەختە" سەر بە شاری سنە هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

ڕۆژی شەممە، ١٢ی خەزەڵوەر، "پەرەستوو میرزایی" هاوسەری "زانیار دەباغیان"، چالاکی کرێکاریی دەستبەسەرکراو، لە ڕێگەی پێوەندی تەلەفۆنییەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بانگهێشت و پاشان دەستبەسەر کراوە.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "بورهان ئەحمەدی" کوڕی سادق و "کاوە بابامورادی" کوڕی سەلیم خەڵکی گوندی "تەختە" سەر بە شاری سنە کە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوون، چارەنووسیان هێشتا بە ناڕوونی ماوەتەوە.

ڕۆژی سێشەممە ٨ی خەزەڵوەر، "دوکتور هیوا حەفیدی" خەڵکی شاری مەهاباد و ماموستای پێشووی زانکۆی شاری قەزوێن، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد دەسبەسەر کرا.

لقی ١٠٢ی دادگای کەیفەریی دووی شاری سەقز، هەواڵنێرێکی خەڵکی ئەو شارەی بە ناوی "ئاراس قوربانیپوور" بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان" بە بڕی ٢ میلیۆن تمەن پارەی نەختی مەحکووم کرد.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز بنەماڵەی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "خالید ئەمینزادە" ناسراو بە "کاوە سەقزی" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کردووە و بە ئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی کاوەیان کردووە.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەرانی کورد:

ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "شەهاب ئەکفوودە" خەڵکی شاری مەهاباد، بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو.

ڕۆژی سێشەممە ١ی خەزەڵوەر، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری شەپێرانی شاری سەڵماس دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە و پاش تەقەکردنی ئەو هێزانە لەو کۆڵبەرانە، کۆڵبەرێک بە ناوی "فەرامەرز جەلیباقوو" تەمەن ٢٦ ساڵ کوڕی حەمید، گیانی لە دەست دا و کۆڵبەرێکی دیکەی کورد، بە ناوی "زاکری جەلیباقوو" تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی عوسمان بە توندی بریندار بوو.

ڕۆژی هەینی ٤ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ئەدیب حوسێنی" خەڵکی گوندی "بلوجوک" سەر بە ناوچەی قوتوور لە شاری خۆی بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.

هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری قەندۆلی سەردست، کۆمەڵێک لە کۆڵبەرانیان کردە ئامانج کە بە هۆیەوە دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی "ئەمین خزرپوور" و "خالید محەممەدی" بە توندی بریندار بوون.

شەوی هەینی ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "موزەفەر حوسێنی" تەمەن ٣٥ ساڵ کوڕی عەلی خەڵکی گوندی گسیان سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ لە کاتی کۆڵبەریدا بە هۆی سەرمابردوویی گیانی لە دەست دا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٦ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "خدر موفید" کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی "گومان" سەر بە شاری سەردەشت بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی شەممە ٥ی خەزەڵوەر، "بارزان عوسمان" وتەبێژی پۆلیسی شاری هەڵەبجە باسی لە دۆزینەوەی تەرمی دوو لاوی خەڵکی سەرپێڵیزەهاو لە سەیرانگای "ئاویسەر" لە ناوچەی "بیارە"، کرد؛ شوناسی ئەو دوو لاوە کوردە بە ناوەکانی "بیلال تەحامی" کوڕی ئەحمەد لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩ و "ئەیووب پالانی" کوڕی حوسێن لە دایکبووی ١٩٩٨ خەڵکی گوندی "تەپەماران" لە دەشتی زەهاو ڕاگەیەندراوە کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان مەبەستیان بووە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "حەمید برووکی میلان"، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

ئەو کۆڵبەرە کوردە، بۆ چارەسەریی پزیشکی بۆ یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری "وان" لە وڵاتی تورکیە ڕەوانە کراوە.

ڕۆژی شەممە ١٢ی خەزەڵوەر، نیزامییە حکوومەتییەکان، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شێخ ساڵحیان دایە بەر دەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "بروومەند بەهرامی"، خەڵکی گوندی زیارەت تەمرخان، سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی "هووشیار نەمامی" و "ئەرکان بەهرامی" بە توندی بریندار بوون.

ڕۆژی شەممە ١٢ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "هووشیار نەمامی"، خەڵکی گوندی "زیارەت تەمرخان" سەر بە سەلاسی باوەجانی کە بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە بە سەختی بریندار ببوو، گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "موسلێح قورەیشی" کوڕی سەید موراد خەڵکی گوندی "نەمنجە"ی شاری پیرانشار پاش ٢٠ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی ئەو شارە، بە هۆی سەختی برینەکانییەوە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەسدا.

شەوی ١٢ لە سەر ١٣ی خەزەڵوەر، هێزە نیزامییەکانی پایگای نەجەفی تەقەیان لە شوانێکی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار، لە شوێنێک بە ناوی ""مێرگی سەید عەبدوڵلا"، کردووە.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، چوار هاووڵاتی لە شارەکانی مەریوان، سەقز و بانە، بە هۆکاری جۆراوجۆر دەستیان دایە خۆکوژییەوە.

ژنێکی لاو لە شاری سەقز، بە ناوی "شیما حوسێنی"، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە هانای بۆ خۆکوژی برد و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە لایەکی دیکەوە، ژنێکی خەڵکی شاری مەریوان، بە ناوی "ڕەزییە ڕووبینا" خەڵکی گوندی "زوێران" دانیشتووی حەسەن ئاوڵە، بە هۆی کێشە لەگەڵ مێردەکەی دەستی دایە خۆکوژی.

ڕۆژی شەممە ٥ی خەزەڵوەر، ژنێکی کورد بە ناوی "شەرمین ئەحمەدی"، کچی وەیسە خەڵکی شاری شنۆ، بە خۆسووتاندن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی ڕابردوو، ژنێکی تەمەن ٤٥ ساڵ، خەڵکی شاری سەردەشت بە ناوی "ئامینە ئیبراهیمی"، بە هۆی کێشەی بنەماڵییەوە، کۆتایی بە ژینی خۆی هێنا.

هەروەها هاووڵاتییەکی تەمەن ٥٥ ساڵی خەڵکی شاری کرماشان بە ڕشتنی بەنزین بە خۆیدا، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و دەسبەجێ گیانی لە دەستدا.

شەوی ١١ی خەزەڵوەر، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ خەڵکی گوندی "ئاختەتەر"ی شاری بۆکان بە ناوی "عەلیرەزا عەبدوڵلاوەند"، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

### مین:

ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "شەهاب ئەکفوودە" خەڵکی شاری مەهاباد، بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو.

**ئەم ئامارانە بە پشتبەستن بە ئامارەکانی تۆمار کراو لە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاو دەکرێنەوە.**